# ڕێی کارگەر

ڕێبەندانی
1389

**کرێکارانی جیهان یەکگرن !**

## شکۆدار بێت یادی ڕەستاخیزی سیاکەڵ



سازمان اتحاد فدائيان کمونيست
Iranian Fedaian Communist League
کۆمیتەی کوردستان


**لەم ژمارەیەدا . . …**

بارودۆخی ئێستا ، خاڵی کۆتایی دژایەتیەکانی و … ل2

39 ساڵ پەیکار لە پێناو ئازادی و بەرابەری ل 9

ڕێگا YOL ل12

موخەدیر چۆن بلاو دەکرێتەوە! ل 13

یادی ڕاپەرینی ڕێبەندانی 1357 ل14

64 مین ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان


**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !**

# بارودۆخی ئێستا ، خاڵی کۆتایی دژایەتیەکانی باڵەکانی رێژیم و ئەرکی تەداروکی ڕاپەرینێکی تر

مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی

گەلانی ئێران ئەم راستیە دەسەڵمێنێ کە خۆڕاگری بەهێزی ئەوان لە بەرانبەر هێرشەکانی یەک لە دوای یەکی پەلاماردەرانی دواکەوتووی دەرەکی و ناوخۆیی وەک عەرەبەکانی ئیسلامی و بە تایبەت شیعە ، لە فیکریەت و فەرهەنگی پێشکەوتووانە سەرچاوەی گرتووە . لە ساڵی 57دا راپەرینی خەڵکی ئێران بووە هۆی رووخانی رێژیمی پاشایەتی بەڵام شۆرش واتە ئینقلاب سەری نەگرت . لەو کاتەدا خەڵک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆری بنەرەتی هاتنە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندانی قەهر ئامێزیان ساز دەکرد بەڵام بە هۆی نەبوونی تەجرووبەی رێکخراوەکانی شۆرشگێر و خەباتگێری ئەو کاتەدا کە تاکو ساڵەکانی کۆتایی 56دا قورسایی خەباتیان بە سەر شانەکانی خۆیان ڕادەکێشا و هەروەها نەبوونی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک ، خومەینی توانی بە رێنمایی ڕاهێنەرانی دەرەکی و یارمەتی هاوپەیمانانی ناوخۆیی خۆی رەوتی شۆرش بە لاری ببات . ژمارەی زیندانیانی سیاسی پاش رەستاخیزی سیاکەڵ تاکو ساڵی 57 و پێکهاتی ئەم زیندانیانە بە باشی نیشانی دەدات کە ڕەوتەکانی جگە لە فیدایی و موجاهید ژەندە لە خەبات بە دژی حکومەتی دیکتاتۆری شا بەشداریان کردووە .مەبەستی باسی ئێمە هەر لە سەرتاوە دیارە و پیویستە هەروا کە دەبێ بزانین شۆرش چیە باشتر وایە بزانین دژی شۆرش چیە و فەرق و جیاوازیی لە گەڵ دواکەوتوویی و دژی گەلی یش چیە .ئەو کات بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێوانە ئەساسیە دەتوانین سنووری هەلسووران و چالاکی خۆمان لە رەوتی ڕاپەرینی گشتی خەڵک دیاری بکەین و بزانین کە لە هەر هەنگاوێکدا دەبێ چۆن و بە چ شێوەێک پەرە بە خەباتی نارەزایی و خۆپیشاندانی قەهر ئامێز بدەین شۆرش ئاڵووگۆرێکی چۆنیەتی و بنەرەتی ، وەرگەرانێکی گەورە و ئەساسی لە ژیانی کۆمەڵگایە . مانای شۆرش لە زانستی کۆمەڵناسی دا بریتیە رووخانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن و رزیو و جێگیر کردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ و پێشکەوتوو.

لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەوێدا چینەکان بە قازانجی دژبە یەکی هەیە ، گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئالووگۆڕەکانی بەرهەم هاتوو وەردە وەردە و قۆناخ بە قۆناخ هەل و مەرج و هۆکارەکانی ئالووگۆری ئەساسی و بنەرەتی دەگەێنێتە ئاستی پێگەیشتن ، پەروەردەیان دەکات و لە کۆتایی دا گۆڕانکاری بنەرەتی سیستەمی کۆمەلیەتی مومکین و حەتمی و پێویست دەکات .

شۆرشی کۆمەڵایەتی قووڵترین و ئەساسی ترین گۆرانکاریەکان لە کۆمەڵگای سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژیکی کۆمەڵگا پێک دێنێ و لە بنەرەتەوە سیمای ئەو دەگۆرێ . دەبێ بزانین هەر شۆرشێک چ دژایەتیەکانی چارە سەر دەکات ، چ ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی جێبە جێ دەکات ، چ چینێک لە دەسەڵات لادەبات چ چینێک لە سەرەوەی شۆرش دادەنێ تاکو جۆری ئەو شۆرشە کۆمەڵایەتیە دیاری بکەین . شۆرش لە گەڵ هێز و بەشداری هەموو کۆمەلانی خەڵک بە ئەنجام دەگات ، خاوەن هیچ لایەنێکی هاوبەش لەگەڵ کودیتا و ( شۆرشی دەرباری ) وئەم شێوە کردەوانە کە لە مێژوودا نموونەی زۆری هەیە , نیە . ئاوا کردەوانەی دەسەلاتدارانی حکومەتی , کەسایەتیەکان و تاقمەکانی سەر بە هەمان چینەکانی دەسەلاتدار پەیوەندی دار بە سیستەمی ئابووری وکۆمەلایەتی دەگۆرێ , گۆرانوئاڵوگۆر دەکات و سیمای بە رواڵەت دەگۆرێ , لە حاڵێکدا شۆرش هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەگۆرێ و چینی نوێ و پێشکەوتوو بە دەسەلات دەگەێنێ . بۆ بە ئەنجام گەێشتنی هەر شۆرشێک مەرجەکانی عەینی ( بارودۆخی شۆرش ) مەرجەکانی زەینی ( بوونی رێکخراوی شۆرشگێر ) پێویستە . شۆرشی ولاتێک لە قۆناخی یەکەم دا بەرهەمی مەرجەکانی عەینی کۆمەلایەتیە . بەڵام لە گەڵ ئەوەی کە پێک هێنانی مەرجەکانی عەینی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە دەستی هۆکاری زەینی بزووتنەوە نیە , بەلام کردەوەی باشی هۆکاری ناوبراو رێکخراوی رێبەری کەری جوولانەوە دەتوانێ رۆڵی کاریگەری لە خێرایی وکاریگەری مەرجەکانی عەینی ببینێ . هیچ حکومەتێک هەر چەندە لە نێوان قەێران و هەڵشکاندا پەل بکوتێ خۆ بە خۆ لە دەسەلات دەس ناکێشێت و ناروخێ وهەتا هۆکاری زەینی بەمانای ورە , هێز و توانایی و شیاوی چین یان چینەکانی شۆرشگێر بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی یەکجاری و خێرا و پێویست و لە گەڵ هۆکارە عەینیەکاندا یەک نەگرێتەوە , تەنانەت بوونی هەموو مەرجەکانی عەینی پێویست بە تەنیایی بۆبە ئەنجام گەێشتنی شۆرش بەس نیە . ئەو دژایەتیانەی کە چینی کرێکار هەروەها زەحمەتکێشانی لادێ و شار و زۆربەی خەڵکی ئێران لە بەرانبەری پاوانخوازیەکانی دەرەوە ,بۆرژوازی دەسەلاتدار بە هەموو بەشەکانی و بۆرژوازی لایەنگری سیستەمی داسەپاو لە دەرەوەی دەسەلات و رێژیمی لایەنگری قازانجی ئەوان دادەنێ بە تووندی و خێرایی پەرەدەستێنێ و بنەماکانی عەینی قازانجی هاوبەشی هەموو چین و توێژ و نەتەوەکانی کە سیاسەتی چەوسێنەرانە و دژی دیموکراتیک بە قازانجەکانی ئەوان زیان دەگەێنێ , پەرە دەستێنێ . بەم هۆیە ئیمکانی کۆبوونی ئەوان بە دەوری دروشمەکانی دیموکراتیکی چینی کرێکار زۆرتر دەبێ وچینی کرێکاری گەشە ئەستێنەری ولاتی ئێمە دەتوانێ بە مەرجی یەکیەتی و رێکخستن و پەیرەوی کردن لە سیاسەتێکی دروست , ئوسولی و لە سەر ئەساسی راستیەکان , ئەرکی مێژوویی خۆی لە سەرکردایەتی (هەژموونی) شۆرش بەسەر دواکەوتوویی جێ بە جێ بکات . دژی شۆرش , دواکەتوو و دژی گەلی هەرچەند



جۆر بە خۆوە گرتووە , و هەر چەند زۆر جار بە جێگای یەکتر بەکار دێن . بەڵام لە ئەدەبیاتی مارکسیستی ماناکانیان لە گەڵ یەکتر فەرق و جیاوازیی هەیە و هەر کام لە ئەوان ناوەرۆکێکی جیاواز بەیان دەکەن . هەروا کە دەزانین مارکسیستەکان لە هەر شۆڕش , شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەبەستیانەتی , بەڵام شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ناکاو روو نادات , بەڵکو شۆڕش لەو جێگایە کە گۆڕانکاریەکی کینەئیە , پێش لەوەی کە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگا وەک نیشانەی خۆی دیاری بکات , سەرخانی سیاسی واتە هێزی کینەیی دژی شۆڕش دەبێ بخاتە بەر هێرشی خۆی . بۆیە کاتێک قسە لە دژی شۆڕش دەکرێ , وەک هەمیشە لە یەکەم جاردا ریشەی چینایەتی و یان وەزعی چینەکان لە بەرچاو نی یە , بەڵکو هەڵویستێک لە بەرچاوە کە چینەکان بە نیسبەت شۆڕش وەر دەگرن , چونکە بە پرۆسەیێک کە شۆڕش تێپەری دەکات , لە یەکەم هەنگاودا بابەتێکی سەرخانی , بابەتێکی سیاسیە و چینەکانی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی بە لە بەرچاوگرتنی وەزعی چینایەتی خۆیان لە بەرانبەر هەر شۆڕشێک هەڵویست وەر دەگرن , بەڵام تا ئەو کاتەی کە شۆڕش لە قۆناغی سیاسی بەرەو قۆناغی کۆمەڵایەتی درێژەی نەبێ , لەوانەیە چینەکان بە نیسبەت شۆڕشی سیاسی , هەڵویستێک بە پێچەوانەی قازانجەکانی چینایەتی خۆیان وەرگرن , لەوانەیە لە بەرانبەر شۆڕشێک کە وەزعی کۆمەڵایەتی ئەوان باش دەکات , راوەستن و لە گەڵ شۆڕشێک کە لە کۆتایی دا ئامانجەکانی ئەوان وە دی دێنێ دژایەتی بکەن و لە گەڵ دوژمنی چینایەتی خۆیان واتە دژی شۆڕش و سەرخانی سیاسی کە کەوتووتە بەر هێرش , یەک بگرن .

مێژووی شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی , نموونەکانی زۆری لەم دەستە هەیە . چ زۆر نموونانەی کە وردە بورژوازی و یان بورژوازی سەرەرای ئامانجەکانی قازانجەکانی و چینایەتی خۆی لە بەرانبەر ئەو شۆڕشانەی راوەستاون کە قازانجەکانی ئەوانی دابین کردووە . چ زۆر نموونانەی کە وردە بورژوازی و بورژوازی لە گەڵ دوژمنی چینایەتی خۆیان یەکیان گرتووە و بە شۆڕشێک کە ئامانجەکانی چینایەتی ئەوانی لە بەر گرتووە , خیانەتیان کردووە . بۆ نموونە بە قسەی مارکس , جووتیاران سەرەرای ئەوەی کە لە سەرکەوتنی دژی شۆڕش رۆڵی حاشاهەڵنەگر لە شۆڕشی 1848ی فەرانسا بینین , بەڵام هاوپەیمانی سرووشتی و رێبەری خۆیان لە پرولیتاریای شاری دەدۆزنەوە کە ئەرکی رووخاندنی سیستەمی بورژوازی لە ئەستۆی ئەوە . وردە بورژوازی فەقیر بەڵام تەنیا کاتێک قازانجەکانی خۆی لە سوسیالیزم وەدی هاتوو دەبینێ و تەنیا کاتێک بە سوسیالیزم پەیوەست دەبێ کە رێگایێکی تری نەبێ . واتە کاتێک کە بورژوازی بە شێوەیێکی تەواو تێک شکا بێت لە سوسیالیزم پشتیوانی دەکات . تا ئەم کاتە یەکگرتنی لە گەڵ پرولیتاریا بۆ رووخاندنی بورژوازی هەرچەند لەوانەیە بەکردەوە بێت بەڵام

هەمیشە لە گەڵ شک و گومان و سستی تێکەڵە . هەڵبەتە ئاوا هەڵویستێکی سست , خۆبەخۆ ریشەکەی لە هەمان قازانجەکانی چینایەتی هەیە کە چینەکان و توێژەکانی وردە بورژوا و بورژوا لە وەرگرتنی هەڵویستی یەکجاری بە نیسبەت قازانجەکانی خۆیان بێ بەش دەکات . ئەمە تەنیا چینی کرێکارە کە وەک چین , هەرگیز بە پێچەوانەی قازانجەکانی چینایەتی خۆی کە بە دروستی دا هەمان ئەنجامی تاوتەواوی شۆڕشی کۆمەڵایەتیە , هەنگاو هەڵناگرێ , و پێگیرترین و سەرسەختترین هێزی شۆڕشی بەردەوامە . لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی ئەو , مێژوو پڕە لە ترس و دڵەراوکە و سستی چینەکان و توێژەکانی بورژوازی و وردە بورژوازی بە نیسبەت ئەو شۆڕشانەی کە تەنانەت قازانجەکانی ئەم چینانەی دابین دەکات . وەک نموونە هەڵویستێک کە بورژوازی ئۆروپا لە شۆڕشەکانی بورژوایی ساڵەکانی 1848 تاکو 1850 وەرگرت , هەڵویستێکی دژی شۆڕش لە بەرانبەر ئەو ئامانجانەی بوو کە جگە لە پەرەپێدان و سەقامگیر کردنی پەیوەندیەکانی بورژوایی و جگە لە دروشمەکانی ئازادی ,

بورژوازی دروست لەو کاتەی کە هێزی بزوێنەری شۆرشی کینەیی خەریک بوو تاکو بنیاتی دەرەبەگایەتی کۆن و رزیو برووخێنێ و پەیوەندیەکانی بورژوازیی جێ نشینی ئەو بکات ، لە گەڵ دوژمنی چینایەتی مێژوویی خۆی واتە ئەشراف , دەرەبەگ و خاوەن زەویەکانی لایەنگری حکومەتی پاشایەتی بە دژی ئەم شۆرشە یەکی گرت و بووە هێزێکی دژی شۆرش . وردە بورژوازی و جووتیارانیش لەم شۆرشانەدا شتێک کەمتر لە بورژوازی نەکردوون و لە هەندێک جاریش بوونەتە خاوەن تایبەتمەندی دژی شۆرش . وەک نموونە کردەوەی وردە بورژوازی لە یەکگرتن لە گەڵ بورژوازی بۆ سەرکوتی پرولیتاریای پاریس لە ساڵی 1848 دەتوانین ناوی لێ ببەین . لە ئێرانیش ئێمە شاهیدی زۆر نموونە لەم بوارە داین . چ لە دەورانی مەشرووتەخوازی , چ لە راپەرینەکانی بەربڵاوی تاران و شارەکانی تر , بورژوازی و وردە بورژوازی لە کاتەکانی جیاوازی مێژوویی دا , لە بەرانبەر شۆرش راوەستاون و هەڵویستی دژی شۆرشیان وەرگرتووە . لە شۆرشی سوسیالیستیش ئێمە شاهیدی ترس و دڵەراوکەی توێژەکانی وردە بورژوازی و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگاین . چ زۆر نموونەی کە جووتیاران و یان وردە بورژوازی زەحمەتکێش , ئەگەرچی بە سەرکەوتنی شۆرشی سوسیالیستی قازانجەکانیان دابین دەکرێ , بەڵام تا ئەو کاتەی کە شۆرشی سیاسی بە ئەنجام نەگەیشتە بێت , تا ئەو کاتەی چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە نەگرتە بێت و تا ئەو کاتەی کە گۆرانکاریەکانی ئابووری بە جووتیاران و زەحمەتکێشان نیشانی نەدا بێت کە سوسیالیزم بە قازانجی ئەوانە , هیچ کە نابنە هێزی بزوێنەری شۆرشی سوسیالیستی , بەڵکو لە گەڵیدا دژایەتیش دەکەن . بەڵام, گەل و دژی گەل بە پێچەوانەی شۆرش و دژی شۆرش بە شێوەیکی ئەساسی چینەکان و وەزعی چینایەتی لە بەرچاو دەگرێ و گرینگترین تایبەتمەندی ئەو کە بە شێوەیکی گشتی لە لایەن مائو تسە دون ( رێبەری شۆرشی وڵاتی چین ) تیئوریزە کراوە ئەمەیە کە هەڵویستی چینەکان و توێژەکانی کۆمەڵایەتی نەک لە سەر هەڵویستی ئەوان بە نیسبەت شۆرش , بەڵکو لە سەر تایبەتمەندی و ناوەرۆکی گشتی چینایەتی ئەو هەڵدەسەنگێنێ و هەر بۆیە نە تەنیا لە مارکسیزم و پێوانەکانی مارکسیستی دوور دەکەوێ , بەڵکو هەتا لە دژایەتی لە گەڵ ئەو دایە . ئاشکرایە کاتێک کە پێوانەی گەل و دژی گەل , پێوانەی ریزگرتنەکانی شۆرش و دژی شۆرش بێت , ئەو چین و توێژانەی کە لە بواری مێژوویی قازانجەکانیان لە گەڵ شۆرش دایە , هەتا ئەگەر بە شۆرش خیانەت بکەن , و لە گەڵ دژی شۆرش هاوپەیمان و یان یەکگرتوو بن , لە بەر ئەوەی کە بە پێ ئەم پێوانە و ئەم شێوە لە هەڵویستە , تاروپووی چینایەتی ئەوان لە گەڵ قازانجەکانی شۆرش گرێ دراوە , هەمیشە و تاکو ئاخردا لە هەر حەل و مەرجێک و لە هەر هەڵویستێک لە ریزی شۆرش دان و

**هەڵویستی چینەکان و توێژەکانی کۆمەڵایەتی نەك لە سەر هەڵویستی ئەوان بە نیسبەت شۆرش , بەڵکو لە سەر تایبەتمەندی و ناوەرۆکی گشتی چینایەتی ئەو هەڵدەسەنگێنێ و هەر بۆیە نە تەنیا لە مارکسیزم و پێوانەکانی مارکسیستی دوور دەکەوێ , بەڵکو هەتا لە دژایەتی لە گەڵ ئەو دایە .**

شۆرشگێرن ! بەڵام دواکەوتوو زۆر جار لە روانگەی چینایەتی و بە لە بەرچاوگرتنی وەزع و ئامانجەکانی چینایەتی بە کار دێت . بۆ نموونە هێزێک لە بواری وەزعی چینایەتی دواکەوتووە . بەڵام لەوانەیە هێزی چالاکی شۆرش بێت . بۆ نموونە وردە بورژوازی لە سیستەمەکانی سەرمایەداری پێشکەوتوو کە خاوەن ناوەرۆکێکی ئابووری دواکەوتووانەیە و هیچ ئالترناتیوێکی ئابووری ناتوانێ بۆ پەرەگرتنی گۆرانکاریەکان , لە سیستەمی سەرمایە داری هەبێ . بەڵام لەوانەیە هەر ئەم وردە بورژوازیە لە ریزی شۆرش دا بێت . و یان بە پێچەوانە هەڵویستی دواکەوتووانەی نەبێت . و یان ئەوەی کە خاوەن تایبەتمەندی ئابووری پێشکەوتوو بێت , بەڵام دواکەوتووانە و دژی شۆرشگێرانە کار بکات .

وەک بورژوازی ئۆروپا لە شۆرشەکانی 1848ی ئۆروپا , کە بە پێچەوانەی قازانجەکانی ئابووری خۆی دواکەوتووانە کاری کرد و لە گەڵ دەرەبەگایەتی کۆن و رزیو بە دژی کۆمەڵانی کرێکار و جووتیار هاوپەیمان بوو و دواکەوتوویی دەرەبەگایەتیی لە ژێر زەبری کوشندەی شۆرش رزگار کرد و مل کەچی دەسەڵاتداری سیاسی ئەو بوو . دواکەوتوویی مانای رزیو بوونی سیستەمەکانی چینایەتی و تایبەتمەندی گەندەڵ بوون و رێگر بوونی ئەوان بەیان دەکات و هەر کردەوەیێک بۆ پاراستن و مانەوەی ئەم سیستەمانە و لە بەربەرەکانی لە گەڵ هێزی پێشتازی شۆرش , بە شێوەیکی حەتمی نە تەنیا دژی شۆرشگێرانە , بەڵکو بە ووتەیێکیتر دواکەوتووانەیشە . داوکەوتوویی لە دەورانی ئێمە , واتە دەورانی کۆن و رزیو و گەندەڵی سەرمایە داری , خۆدی سەرمایە داری و هێزی پشتیوان و پارێزەری ئەوە . کاتێک رێژیمی پاشایەتی ئێران رووخا ئاڵوگۆری بنەرەتی رووی نەدا و تەنیا سەرخانی سیاسی بە یەکێک لە دواکەوتووترین سیستەمەکانی




سەرخانی سیاسی واتە دیکتاتوری مەزهەبی لە سەر ئەساسی ئەسڵی کۆنەپەرستانەی وەلایەتی فەقیح خۆی گۆری . لە جێ بە جێ بوونی خێرای دەسەڵاتدا لە مەودای تەنها چەند رۆژێکدا سیستەمی حکومەتی پێشوو بە بێ لە ناوچوونی ماشینی سەرکوتی دەوڵەتی و دام و دەزگای بورروکراسی درایە دەستی توێژێکی دواکەوتووی مەزهەبی بە رێبەری خومەینی . ئەویش وەک نوێنەری بورژوازی بازار لە جەریانی سات و سەودا لە گەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکادا توانی سەرنج و متمانەی ئەمریکا و رۆژئاوا بەرەو لای خۆی رابکێشێ . بۆیە لە بەر خاتری زەمانەت و متمانەی پشتیوانانی ئیمپریالیستی خۆی ، قبولی کرد تاکو پێکهێنای دەوڵەتی داهاتوو واتە دەوڵەتی بازرگان بداتە ئەستووی باڵی بورژوازی لیبراڵ . بەڵام خومەینی رێبەری بزووتنەوەی خەڵکی نەدایە دەستی دەوڵەتی بازرگان و بۆیە بورژوازی لیبراڵ لە بەرانبەر بازار دەسەڵات و هێزی نەبوو . نمادەکانی دەسەڵات و هێزی بورژوازی بازار بە رێبەری خومەینی کۆڵان و شەقامەکان تاکو کومیتەکان و مزگەوتەکان و تەکیەکان و ناوەندەکانی تری مەزهەبی بوون و لەم گیرودارەدا بوو کە خومەینی و باڵی بازار بۆ بەهێزتر کردنی خۆی لە بەرانبەر باڵی لیبراڵ لە بەرانبەر ئەرتشی دژی گەلی باسکی چەکداری خۆی واتە سوپای پاسدارانی دامەزراند و نەفراتی خۆی وەک کاربەدەستانی شوورای ئینقلاب لە سەرەوەی هەرەمی دەوڵەتی لیبراڵەکان لە سەر کار دانا . کاتێک خومەینی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت نەیدەتوانی بە بێ بەشداری و یارمەتی باڵی بورژوازی لیبراڵ درێژە بە دەسەڵاتی دیکتاتوری مەزهەبی خۆی بدات لە بەر ئەوەی کە بەرێوەبەران و مودیرانی کارامە ی رێژیمی پێشوو و دام و دەزگای بوروکراسی لە گەڵ باڵی بورژوازی لیبراڵ بوون و سەرەرای ئەمەیش لە گۆرەپانی تەکنولۆژی و سەرمایەی ئەم باڵە لە دەورانەدا بەرینیکی زۆری بە خۆوە گرتبوو . سەنعەتەکان و بانکەکان و شرکەتەکانی گەورەی پەیمانکاری و کومپانیاکانی بەرێوەربەری پرۆژەکانی گەورەی ئاوەدانکردنەوە و نوێنەرانی پاوانخوازیەکان لە ژێر سەیتەرەی ئەم باڵە واتە بورژوازی لیبراڵ بوون . هەڵبەت بورژوازی لیبراڵ تەیفێکی بەربلاو بوون لە رەوتەکانی مەزهەبی و لائیک کە مەهدی بازرگان و نەهزەتی ئازادی رێبەریان دەکرد . دەسپێکردنی شەری دواکەوتووانەی نێوان ئێران و عێراق دەسەڵاتی زیاتری دایە باڵی بازار تاکو یاساکانی ئابووری بە قازانجی خۆی و بە زیانی باڵی لیبراڵ داسەپێنێ و گەشە کردن و پەرەساندنی سەنعەت و بازرگانی وا بەرێوە ببات کە زیان نەگەینێتە قازانج و بەرژەوەندی بازاریەکان .

پەیدا بوونی دووبەرەکی و دژایەتی لە ریزی دەسەلات بە شێوەێکی بەردەوام و هەمیشەیی لە تایبەتمەندیەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مەودای پتر لە سێ دەیە حاکمیەتی . ئەوە بەردەوام بوونی ئەم دیاردەیە رەنگدانەوەی ئەو دژایەتیانەیە کە کۆمەڵگا رووبەرووییەتی . هرە جار کە دژایەتیەکانی ناوخۆی حاکمیەت تووندتر دەبێتەوە و هەر جار کە دژایەتیەک دەبێتە هۆی بە وجود هاتنی دژایەتیەکی دیکە ، ریشەی هەموو ناکۆکیەکان و دژایەتیەکانی ناوخۆی دەسەڵات کە رێژیمی گەیاندووتە سەراولێژکی رووخان لە قەیرانی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا سەرچاوەی گرتووە .قەیرانێک کە کۆماری ئیسلامی بە پێ سرووشتی ناهەمگون و دژ بە یەکی خۆی نە تەنیا ناتوانێ چارەسەری بکات بەڵکو پەرەیشی پێ ئەدات . بە دوای پاشەکشەی دەوڵەتی بازرگان و دەوڵەتی کاتی ئەو کاتە دیسان و بە شێوەیکی دیکە دژایەتیەکان سەری هەڵدایەوە و تێکەڵچوونی بەنی سەدر و حیزبی جمهوری ئیسلامی بە رێبەری بەهەشتی مەحوەر و جەمسەری دژایەتیەکانی ناوخۆی حاکمیەت بوون . بورژوازی لیبراڵ لە بەرانبەر بازار و بە یومنی دەس پێکردنی شەر و کۆبوونی سەرمایەکان لە بەشی سەنعەتی نیزامی و لە خزمەتی باڵی بازاردا چارەێکی تری نەبوو جگە لە تەمکین لە بەرانبەر وەلی فەقیح و باڵی بازار کە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمەڵانی کوێر و چاو بەستراوی گوند نشین کە تازە لە لادێەکان بەرەو شارەکان بەرێ کەوتبوون و یان لومپەنەکانی ناو شارەکان کە هەموویان لە دام و دەزگای سەرکوت و قەدارە بەندی رێژیم وەک کومیتەکان و سوپا و بەسیجی تەحتی ئەمری وەلی فەقیحی موسلمین کۆ بوونەوە .قەیرانی ئابووری لە مەودای شەر بووە هۆی ئەوەی کە لیبراڵەکان لە پشت تەرحی ئابووری موسەوی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بازار کە قازانجەکانی زۆر کەڵانی بازرگانیان دەکردە گیرفانی خۆیان خۆیان رێک بخەن و بۆیە سەرەرای نارەزایی خامنەیی وەک سەرۆک کۆماری ئەوکاتە بەرانبەر تەرحەکانی موسەوی خومەینی وەک ئاڵقەی ئاشتی لە نێوان باڵەکان لایەنی موسەوی و تەرحەکەی گرت و دەستی رەدی دایە سینەی خامنەیی . تەواو بوونی شەر دەرفەتێکی باش بوو تاکو باڵی لیبراڵ لە هەلومەرجی زۆر نالەباری ئابووری و سیاسی وڵات بە قازانجی خۆی کەڵک وەر بگرێ و سوور بێت لە سەر بە دەست هێنانی ئیمتیازەکانی ئابووری و بەشداربوون لە بازرگانی کردن لە گەڵ پاوانخوازیەکانی رۆژئاوا . لەم نێوانەدا دووبەرەکی و دژایەتی نێوان باڵەکان رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی ئەستاند و تاکتیکەکانی هر باڵێک بۆ رووبەروو بوونەوە لە گەڵ دژایەتیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک دەگۆری .و لە هەمان کاتدا دژایەتی لە نێوان دام و دەزگای بوروکراتیک و نیزامی حاکمیەتیش کە تا کاتی زیندوو



بوونی خومەینی لە ژێر چەتری وەحدەتی کەلەمی ریبەر کۆبوونەوە بە مردنی خومەینی سەری هەڵدا .و لە ژێر ناوەکانی ریفۆرم خوازانی دووی جۆزەردانی بە رێبەری خاتەمی و هەروەها بزاڤی سەوز بە رێبەری موسەوی و کەروبی و لە حەرەکەتی یەکگرتوو و یان هاو سوو لە گەڵ ڕەوتەکانی تری ریفۆرم خوازی ناوخۆ و دەرەوەی حکومەت چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات لە هەول و تەقەلان تاکو باڵی سەرمایەداری بوروکرات بەو قەناعەتە بگەێنن تاکو جێگایێکی هەرچەند بچووک لە حاکمیەت بەوان بسپێرن .

ڕەوتی پەرەساندن و گەشە کردنی نائاسایی و غەیری مەوزونی بورژوازی ئێران بووەتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی نێوان هێز و دەسەڵاتی باڵەکان . بەو رادەیە کە سەیتەرەی باڵەکانی بازار و لیبراڵ بە سەر سروەت و سامانی سرووشتی وڵات زۆر زۆر لاواز بووەتەوە و بە هەمان رادەیە دژایەتیەکانیان تووندتر بووەتەوە . هێزێک کە تا دوێنی و تاکو ئەم چەند ساڵەی دوایی دا تەنیا ڕۆڵی ئیجرایی هەبوو و بە ئەمری رێبەر و لە ژێر چاوەدێری هەر دوو باڵی بەشدار لە دەسەڵات و حاکمیەتدا خەریکی سەرکوت کردنی خەڵک بوو ، ئێستاکە بە لە ناو دەست گرتنی بەشەکانی ئەساسی ئابووری وڵات و هەموو ئامرازەکانی زور و سەرکوت لە بیری شێوازەکانی نوێی دابەشکردنی سروەت و سامانی وڵاتە . و بازاریش لە بەر ئەوەی کە شەبەکەی دابەشکردن و کۆکردنەوەی لە دەستدایە و بە نیسبەت بورژوازی لیبراڵ کەمتر زەبری لێکەوتووە ، بۆیە هیشتا لە بیری سازش و رێکەوتنە لە گەڵ بورژوازی بوروکرات و نیزامیەکان تا شەڕ لە گەڵیاندا .

باڵی بورژوازی بوروکرات بە رێبەرایەتی ئەحمەدی نەژاد ئێستاکە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بە دەستەوەیە و ناوەندی سەرەکی بورژوازی ئێران دەژمێردرێ . بە پێچەوانەی سیستەمی بورژوازی کلاسیک کە سەرهەڵدانی ئەو لە ئوروپا بووە هۆی بە وجود هاتنی ئالوگۆرەکانی پۆزیتیو و پێشکەوتووانە لە ناوخۆی کۆمەڵگادا، لە ئێراندا ئەم باڵەی بورژوازی بەرهەمی سیستەمی دیکتاتوری و خەفەقان و کودیتایە . ئەگەر لە ئوروپا پتر لە سەد ساڵی خایاند تاکو بورژوازی ناوەرۆکی دواکەوتووناەی خۆی دەربخات و ئەگەر لە ئوروپا سەرهەڵدانی بورژوازی موژدەبەخشی پێشکەوتن و عەداڵەت بوو ، لە وڵاتی ئێمە دیاردەی بورژوازی بە مانای گەشە کردنی ئابووری و ڕۆڵی پێشکەوتنخوازنە نەبووە . ئەو قەیرانانەی کە کاتەکانی تایبەت تووشی جیهانی سەرمایەداری بووە ، بە شێوەێکی ئیجابی رێگای دەربازبوونی خۆی لە ناردنی سەرمایە و بەرزکردنی نرخی نەوت دەدۆزیەوە . سەرمایەداری لە وڵاتی ئێمەدا لە سەر بەستری ئاوا هەلومەرجێکدا لە لایەن رێژیمەکانی دیکتاتوری رەزا شا و محەمەد رەزا شا سەری هەڵدا . قورسایی پێکهاتی ئابووری ئەم جۆرە سەرمایەداریە بە شێوەێکی گشتی لە بەشی دەوڵەتی کۆبووەتەوە و رێگا لە هەرچەشنە گۆرانکارێکی لیبراڵیی دەگرێت . لەم شێوە سیستەمانە دامەزراندنی کارخانەکان و ناوەندەکانی بەرهەم هێنان پەیوەندیی هەیە بە پیویستیەکانی بازاری جیهانی و کاربەدەستانی حکومەت هەموو توانائیەکانی خۆیان بە کار دێنن بۆ زیاتر کردنی سروەت و سامان و سەرمایەی خۆیان و تالانی هەرچی زیاتری سەرچاوە سرووشتیەکانی ولات . گەشە کردنی بورژوازی بوروکراتیک دەگەرێتەوە بۆ دەورانی حکومەتی شای پێشوو و بە هۆی داهاتی زۆری نەوت گۆرانکاری لە پەێوەندیەکانی بورژوازی ئێران پێک هات کە بەشێکی هەرە زۆر لە داهاتی نەوتی بووە نسیبی ئەفرادی دەرباری و نیزامیەکان و دەلالەکانی دەربار . لەم گیرودارەدا کارمەندێکی سادە و یان بزن فرۆشێک دەتوانی بە هۆی ئەوەی کە جێگای متمانەیە بۆ دەربار ببێتە سەهام داری بانک و یان کارخانەدار و ... و ئاوا و بەم شێوەیە ئیمپراتوری مالی ریشەکانی خۆی بلاو دەکاتەوە و دەست بە سەر هەموو پەیوەندیەکانی ئابووری و سیاسی وڵات دادەگرێ .لە هەلومەرجی ئێستادا تەمای دەس بە سەرداگرتنی سروەت و سامانی وڵات و بازرگانی پر لە قازانج ئاو لە لێو و لەوچەی هەموو باڵەکانی بورژوازی ئێرانی وەرێ خستووە و بۆ لە ناو بردن و یان لە مەیدان بە دەرخستنی رەقیب هەموو توانای خۆیان وەگەر دەخەن .

بورژوازی بوروکراتیک ئێستاکە هەموو دەسەڵاتی لە ناو دەستی خۆی گرتووە و باڵەکانی تر جگە لە ناو چوون و یان خۆ بە دەستەوە دان و تەسلیم و کورنش بردن لە برانبەر باڵی دەسەڵاتداری

بـرووخـێ رێـژیمی کۆماری ئیسلامی , دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی!

**ئەمڕۆ ریزی دژی شۆڕش خۆی بۆ بەربەرکانی لە گەڵ شۆڕش لە ژێر ناوی پلاتفورم و بەرنامەکانی جۆربەجۆر ئامادە کردووە لەم هەل و مەرجە دا ، یەکەم ئامانجی ئێمە ، رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ، دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی دیموکراتیک بە سەر وێرانەکانی سەرکوت و خەفەخانی کۆماری ئیسلامی و بە پاڵپشتی ئیرادەی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵک لە ئورگانەکانی دەسەڵاتی خۆیان واتە شووراکانە .**

نیزامی هیچ چارەیێکی تریان نەماوە لە بەر ئەوەی کە ئەوان چ بازار و چ لیبراڵەکان لە بەر ترسی لە ناو چوونی نیوە بەرژەوەندی و قازانجی ئابووری و چینایەتی خۆیان حازر بە ریسک کردن نین و پێیان باشتر وایە خۆیان لە توونِد و تیژی کردن لە بەرانبەر باڵی رەقیب بپارێزن و سێبەری مەترسیداری شۆڕشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی چەوساوەی خەڵکی ئێران لە سەر خۆیان دوور کەنەوە . بۆیە بانگەوازی ئاشتی و سازش سەر دەدەن .

بێ گومان مردنی مونتەزری لە ئاوا هەلومەرجێکدا بووەتە هۆی توندتر بوونی دژایەتیەکان . مونتەزری یەکێک لە دامەزرێنەران کۆماری ئیسلامی و داهێنەری وەلایەتی فەقیح بوو . ئەو پتر لە دوو دەیە وەک پشتیوانی باڵی ریفۆرم خوازی لیبراڵ دەژمێردرا . هەر مونتەزری بوو کە وەک پردی پەیوەندی لە نێوان خومەینی و ساواکی شا کاری دەکرد تاکو لە جەریانی ساڵەکانی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵک لەی ساڵەکانی 56 و 57 دا ببێتە ئاڵقەی سازش لە نێوان بورژوازی کمپرادور و بورژوازی سونەتی بە رێبەری خومەینی . پاش ڕاپەرینی 57 و سەرکار هاتنی خومەینی مونتەزری وەک داهێنەری ئەسڵی وەلایەتی فەقیح رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دارشتنی یاسای دژی کرێکاری و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و بۆیە وەک جێگر و یان باشتر بلین وەلیعەهدی خومەینی لە لایەن مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری هەڵبژێردرا .رۆڵی مونتەزری لە سەقامگیر بوونی کۆماری ئیسلامی وەک رۆڵی ئایدولۆژیک و سیاسی شێخ فەزلولا نوری و بروجردی بوو لە دژایەتی کردن لە گەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگادا . هەر بۆیە رەوتی سەوز و شەخسی موسەوی و کەروبی بە جێگای ئەوەی کە راستیەکانی پشتی پەردە لە لای خەڵکی نارازی کوڵان و شەقامەکان ئاشکرا بکەن بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ هەرە چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی و هەروەها هێزە پێشکەوتنخوازەکان بە دوای سازش و ودەست هێنانی ئیمتیازێکی هەر چەند بچووکن . لە هەلومەرجی ئێستادا ئەو گومانانەی کە بووە هۆی سەرکار هاتنی کۆماری ئیسلامی لە ناو چووە و یان زۆر لاواز بوونەتەوە .نیشانەکانی بزووتنەوەیێکی سەرانسەری و هەموو لایەنەی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەبێ . پاش تێپەر بوونی پتر لە 30 ساڵ لە ڕاپەرینی رێبەندانی 57 و هەوراز و نشێوی زۆر , ئێستا نیشانەکانی گۆڕانکارێکی تازە لە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک پەیدا بووە . لە مانگرتن و خۆپیشاندنەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا تاکو پەرەساندنی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆکان و قوتابیانی ئێران و کردەوەی کینەیی و توندوتیژی شۆڕشگێرانە و سەربەخۆ نیشانەکانی ئەم گۆڕانکاریە تازەیە کە لە رەوتی بەرەو پێشی خۆی دەبێتە هۆی تێگەیشتنی ئەساسی و بەرانبەری توێژەکانی جۆربەجۆری نارازی کۆمەڵگا لە داخوازیەکانی یەکتر کە لە کۆتایی دا لە خاڵی هاوبەش واتە پێویستی گۆڕینی پەیوەندیەکانی سیاسی , ئابووری – کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگا کە سەرچاوە گرتوو لە سیستەمی کۆن و رزیوی داسەپاوە , یەک دەگرنەوە . وڵاتی ئێمە لە دژوارترین دەوارنی رەشی حکومەتی کۆماری ئیسلامی , جووڵانەوەکانی زۆر و یەک بە دوای یەکی بە خۆیەوە بینیوە . بەڵام تایبەتمەندی بزووتنەوەی نارەزایی کە ئەمڕۆ نیشانەکانی دەرکەوتووە , لە بەردەوامی ئەوە . بزووتنەوەکانی پێشوو سەرەرای گەورە بوونی سەری هەڵدەدا و سەرکوت دەکرا .بەڵام نارەزایەتیەکانی ئەمڕۆ کە لە هەر شوێنێکی وڵاتمان شاهیدی گەشە کردنی ئەوانین , بەردەوامن , دووهەم ئەمەی کە یەک داخوازی وەک ئامانجی خۆی دیاری کردوون , خواستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی . ئەم داخوازیە یەکەم دروشمی خۆپێشاندەرانە . ئەم دوو تایبەتمەندیە خەبەر لە گۆڕانکارێک لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە دەدات .ئەمەی کە روونە , سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ئێستا نەک رووداوێکی لە ناکاو , بەڵکو سەرچاوە گرتوو لە هەڵ و مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتی ئێمەیە . ئەمەی کە ئاشکرایە بارودۆخی وڵاتی ئێمە چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری سیاسی گۆڕانکاری تازە لە داوێنی خۆی پەروەردە دەکات . هەژاری ئابووری , ڕاوەستانی بەرهەم هێنانەکان , گرانی لە رادە بە دەر , بێکاری و برسیەتی , هەر رۆژ هەرشە لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەکات و پەرەدەستێنێ . هیچ کەسێک ئێستا ناتوانی ئەم هەموو هەژاری و چارە رەشیە تەحموول بکات .

بەڵام روونە کە هەژاری و گرانی و بێکاری و برسیەتی هەرچەندە کە هۆکاری بزوێنەری کۆمەڵانی خەڵک بێت , بە بێ بوونی مەرجەکانی پێویست بۆ گۆڕانکاری , ناتوانی ڕاپەرینی گشتی پێک بێنێ . رەنگدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ئابووری یان روون تر بڵێن , نکبەتی ئابووری ئێستا , هەل و مەرجی خراپی سیاسی و قەیرانی بێ چارەسەری ئێستایە کە پێویستی گۆڕانکاری حەتمی کردووە. ئەم راستیە ماوەیکە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیش ناشارنەوە . دژایەتیەکانی ناوخۆیی رێژیم بە

چیتر مانای « بەرژەوەندی » خۆی لە دەست دایە . لەم هەل و مەرجەدا بزووتنەوەکانی نارەزایی ئاڵقەکانی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی سست کردووە و بە دانی دروشمی رووخاندنی سیستەم , راستەوخۆ کۆماری ئیسلامی کردووەتە ئامانجی خۆی .بێ‌گومان بزووتنەوەی خەڵکی چارە نووسی کۆماری ئیسلامی , دیاری دەکات . کردەوەکانی سەرکردەکانی رێژیم بۆ گۆرانکاری ناوخۆیی و پشتیوانی بورژوازی ئێران و سەرمایەداری جیهانی لە خێرا کردنی ئەم گۆرانکاریانە ناتوانی رێگایێک بۆ بەربەرکانی لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵکی بێت و ئەم بزووتنەوەیە لە ئاکام دا دەگۆرێتە بزووتنەوەی رووخێنەری سیستەم لە تەواوەتی ئەو . بزووتنەوەکانی نارەزایی ئێستا , بە شێوەیکی حەتمی و بە پەرساندنی بارودۆخی ئێستای داسەپاو بە سەر وڵاتی ئێمە, پوتانسێلی گۆرین بە بزووتنەوەیکی گشتیی هەیە. چۆنکە هیچ هۆکارێکیتر جگە لە گۆرانکاری لە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی وە زاڵ هاتوو ناتوانێ ئەوان لە پەرە پێدانی خەبات بۆ لە ناو بردنی هۆی چارە رەشی و هەژاریان راگرێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەم راستیەیە کە بابەتی ئەساسی هەر شۆرشێک , واتە ریزەکانی چینایەتی دیاریکراو لە دیمەنی پەرەساندنی , و گەشە کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بە هێز کردنی جووڵانەوەی ئەوان , یان راوەستان لە بەرانبەر ئەو , نەک تەنیا زەخت هێنان و سەرکوت , بەڵکو لە رێگای پووچەڵ کردنی بزووتنەوەی خەڵکی لە ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو بە هیوادار کردنیان بە شتەکانی خەیاڵی باس دەکرێ و ئەرکی راستەقینە نەک بە پێ ئیدیعای هەر هێزیک ئاشکرا دەکات . ئەمرۆ ریزی دژی شۆرش خۆی بۆ بەربەرکانی لە گەڵ شۆرش لە ژێر ناوی پلاتفورم و بەرنامەکانی جۆربەجۆر ئامادە کردووە .

لەم هەل و مەرجە دا , یەکەم ئامانجی ئێمە , رووخاندنی کۆماری ئیسلامی , دامەزراندنی کۆمەڵگایکی دیموکراتیک بە سەر وێرانەکانی سەرکوت و خەفەخانی کۆماری ئیسلامی و بە پاڵپشتی ئیرادەی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵک لە ئورگانەکانی دەسەڵاتی خۆیان واتە شووراکانە .



## مەرگ , بچووکترین دیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەڵکە . هەر مەرگێک پەنچەرەیەکە کە بە سەر نکبەت و تاریکی دادەخرێ .



29 ڕێبەندانی ساڵی 1352ی هەتاوی دڵی پڕ لە عەشق و وەفای خسرەو گولسورخی و هاوخەباتگێری ئەو کەرامەتوڵلا دانشیان بووە ئامانجی گوللەکانی ئینسان کوژانی رێژیمی شا . شا وەک هەموو دیکتاتۆرەکانیتر پێ وا بوو کە بە کوشتنی خاوەن بیران و خەباتگێرانی رێگای ئازادی و بەرابەری , دەردەکانی دەسەڵاتی نگریسی دەرمان دەبێ .دیفاعی ئازایانەی خسرەو گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانشیان و هاورێیانیتری ئەوان لە بێدادگاکانی بەرواڵەتی شا و پاشان ئیعدامی ئەوان , سەرەرای خەمێک کە خستە ناو دڵ و گیانی عاشقانی ئازادی و فرمێسکی زۆری بە دوور لە چاوەکانی بەکرێگیراوانی ساواک , لە چاوانی مرۆڤەکانی بە شەرەف و عاشق وەرێ خست , خۆی بە خۆی بووە بریسکەیەک بە سەر ئاگری شاراوە لە ناو دڵی هەزاران و ملیونەها مرۆڤی ئێرانی کە لە خەفەخانی رەشی ئەو ساڵانەدا ئارەزووی هەناسەکێشان لە هەوایکی خاوێنیان بوو .

بەڵێ , هەروا کە خسرەو گولسورخی خۆی گوتی . . دەبێ کە وەک خەزەر خرۆشان بین , خەڵک گوێیان لە هاورێ گولسورخی راگرت و وەک خەزەر خرۆشین . رۆژی 29ی رێبەندانی 1352ی هەتاوی گوللەباران کردنی گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانشیان بەرانبەرە لە گەڵ فرینی تاکو سەرەوەی ئاسمانی دووبارەی ئەوان و بەناوبانگ بوونیان . و هەرجار بیستنی ناوی ئەوان هێز و توانایکی بۆ دڵ و قەڵبی مرۆڤـــ بوو , بۆ عاشقانی ئازادی و بەرابەری بوو . ئەوان ئەشکنجەگاکانی رێژیمی شایان سەربەرزانە گرت و بێدادگاکانی نیزامی شایان کردە سەنگەرێک تاکو لە پشتەوەی ئەو بەرەو سینگی بەکرێگیراوانی دوژمنی گەل تەقە بکەن .

وەصیەتنامەی کەرامەتوڵلا دانشیان

« خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران هەمشیە زۆر لە رۆڵەکانی گیان لەسەر دەستی خۆی لە رێگای خەبات لە دەس داوە . ئەمە مەرجی هەر خەبات و بزووتنەوەیەکە . لە خۆبردوویەکان , گیان فیداکردنەکان , و خۆراگریەکان پشتی دوژمن دەشکێنێ. و ئەمە خاوترین خەیاڵە کە بەردەوام رۆڵەکانی خەڵک بە هۆی هەستانی شۆرشگێرانە بکوژرێن . بزووتنەوەی هەڵدەستێتەوە , هەموو لایەنە دەبێتەوە و کرێکاران , جووتیاران و توێژەکانی ژێرستەم , خاوەن ژیانی نوێ و بەختەوەر دەبن .مەرگ , بچووکترین دیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەڵکە . هەر مەرگێک پەنچەرەیەکە کە بە سەر نکبەت و تاریکی دادەخرێ . و هەر مەرگێک پەنجەریەکی لە نهێنیەکانە کە بە سەر درۆ , خراپەکاری , هەژاری و برسیەتی دادەخرێ . و ئەو کاتە پەنچەریەک دەکرێتەوە کە لەوێدا رووناکی ژیان بێتە ژوورەوە . گیانی خۆمان بەم رووناکیە بدەین , بەم رووناکیە . »

**« یادیان بەرێز و رێگایان پڕ لە رێبوار »**

# 39 ساڵ پەیکار لە پێناو ئازادی



39 ساڵ لە مەوبەر لە ڕۆژی 19ی ڕێبەندانی ساڵی 1349ی هەتاوی ئاڵای سوورێک کە لە سیاکەڵ بەرزەو بوو , هاواری نارازەیەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خرۆشی ڕق و بێزاری شۆرشگێرانەی کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵک دژی دەسەلاتێک بوو کە پارێزەری یەکێک لە دواکەوتووترین سیستەمەکانی ئابووری – سیاسی ئەو سەردەمە دەژمێردرا . حکومەتێک کە بە تیرۆر و خەفەخان و بە خۆڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە نێوان خەڵک , بە ئەنجامدانی توندترین شێوەکانی سەرکوت لە بەرانبەر بچووکترین جوولانەوەکانی نارەزایەتی خەڵکی , تێدەکوشا تاکو ئاسایش و ئەمنیەتی داسەپاو وەک خۆی ڕاگری و ئێرانی وەک یەکێک لە سەقامگیرترین و ئەمنترین ئاڵقەکانی زنجیرەی ئیمپریالیزم بناسێنێ . سیستەمێک کە بەردی بناغەی سیاسەتەکانی ئەو , توندتر کردنی چەوساندنەوە و تاڵانی کۆمەلانی کرێکار و رەنجدەری خەڵک بۆ قازانجی سەرمایەداران و پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستی و گۆرینی ئێران بە یەکێک لە گرێنگترین پێگەکانی سیاسی – نیزامی ئیمپریالیزم لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و کەنداوی فارس , پێک دەهێنا و لە ئاوا بارودۆخێکی ئابووری – کۆمەلایەتی و سیاسی هاوڕێانی ئێمە بە لانی کەمی ئیمکاناتدا بە حەماسەی سیاکەڵ بزووتنەوەیەکیان بناغە دانا کە چووە قوولایی ریزەکانی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵک و تاکو ئێستا بەردەوامە

## ئۆپۆراسیونی سیاکەڵ چۆن دەستی پێکرد ؟

بە دوای ساڵەها هەوڵ و تێکوشانی ژمارەیەک شۆرشگێر و کۆمۆنیست لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساردی زستانی ساڵی 1349ی هەتاوی ( 1970ی زائینی ) واتە 19ی ڕێبەندان , گروپێک لە فیدائیانی گەل بە مەبەستی دەس پێکردنی خەباتی چەکدارانە لە دارستانەکانی باکووری ئێران بە هۆی ڕووداوێکی چاوەروان نەکراو , بە هێرش کردن بۆ سەر پاسگای ژاندارمەری سیاکەڵ دامەزرانی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێرانیان ڕاگەیاند . ئۆپۆراسیونی سیاکەڵ کە لە دڵی تاریکی زەمانە بڵیسەکانی ئاگری هەڵگیرساند کە هێشتا گەرما و تینی ئەو ئیلهام بەخشی خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزمە , بەرهەمی کردەوەی هاوبەشی دوو گروپ لە ئەو خەباتگێرانە بوو کە بۆ ساڵەهای ساڵ بە دوای دۆزینەوەی ڕێگا حەلێک بە مەبەستی دەرچوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازانە لە بێ دەرەتانیەک بوون کە بە هۆی کەش و هەوای سەرکوت و خەفەخان لە لایەکەوە و سازش و سات و سەودا و بێ کردەوەئیەکانی ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی سیاسی لە لایکی دیکەوە , تووشی ئەو بوو یەکێک لەم گروپانە , گروپی ناسراو بە جەزەنی – زەریفی و ئەوەیتر ناسراو بە گروپی پویان – ئەحمەدزادە بوو . ئۆپۆراسیونی چەکدارانەی سیاکەڵ بەرهەمی ساڵەها گفتوگۆ و گۆرینەوەی بیروڕای ئەم دوو گروپە بوو کە بۆ یەکەمین جار لە

لە گروپی جەزەنی_ زەریفی ( کە بە کردەوە لە ساڵی 1346ی هەتاوی , 1967ی زائینی , هاوڕێ جەزەنی و هاوڕێیانی ئەو دەستگیر کرا بوون ) ژمارەیەکی کەم مابوون کە لە لایەن هاوڕێ حەمید ئەشرەف دیسان ڕێک خرابوون و لە ساڵی 1348ی هەتاوی بە گەرانەوەی هاوڕێ سەفایی فەراهانی وەک یەکێک لە ئەندامانی کۆنی گروپ لە فەلەستین ئەم گروپە بەهێز بوو و دوایی بە گروپی جەنگەڵ ( دارستان ) ناسرا . هاوکات لە گەڵ دابەش بوونی هێزەکانی ئەم گروپە بە دوو گروپی چیا و شار و پەیوەندی ئەوان لە گەڵ گروپی هاوڕێیان ئەحمەدزادە و پویان , گەلاڵەی ئۆپۆراسیونی دارستانەکانی باکووری ئێران دارشترا .لەم کاتەدا , واتە لە وەرزی پائیزی ساڵی 1347ی هەتاوی گروپی دارستان بە دوای زەبرێک کە لە گروپی هاوڕێیان جەزەنی و هاوڕێیانی ئەو بە 8 کادیری ڕێکخراو کەوت و لە مەودای کەمتر لە 2 مانگ ژمارەی ئەوان گەیشتە 23 کەس . لە خەرمانانی 1349ی هەتاوی گروپی چیا بە مەبەستی دەس پێکردنی ئۆپۆراسیون بە دوای تەداروکێکی دژوار و قورس بەرەو دارستانەکانی باکوور بەرێ کەوت . بەڵام لە بەر هۆیەکانی ئەمنیەتی دەس پێکردنی ئۆپۆراسیون بە پێ ڕێکەوتی دیاریکراو ئەنجام نەدرا و ڕێکەوتی ئۆپۆراسیون بە دوا کەوت . بەڵام ڕێبەندانی هەمان ساڵ ئیبتکاری چالاکی بۆ ئەنجامدانی ئۆپۆراسیون لە کاتی دیاریکراو لە دەستی هاوڕێیان دەرچوو . لە بەر ئەوەی کە لەم کاتەدا ساواکی ڕێژیمی شا هێرشێکی بەربلاو و لە پێش ئامادە کراوی بۆ سەر ڕێکخراو دەس پێکرد و لە مەودای 24 کاتژمێردا زۆرتر لە هەشت کەس لە هاوڕێیان و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی دەستگیر کرد . لە ڕۆژی یەکەمی هێرش دا 3 کەس لە گیلان و 5 کەس لە تاران دەستگیر و ئەشکنجە دران . هاوڕێ هوشەنگ نەیەری لە گروپی دارستانی پێش لە دەس پێکردنی ئۆپۆراسیون دەستگیر کرا . هاوڕێ هادی بەندە خودا لەنگرودی کە ئاگاداری دەستگیر بوونی هوشەنگ نەبوو , دەچێتە ئەو خانووەی کە هاوڕێ نەیەری لەوێدا دەژیا کە هێزەکانی ساواکی لەوێدا دەبینی و پاش شەڕێکی چەکدارانە دیل دەکرێ . و بەم زەبرەدا ژمارەی ئەندامانی گروپ دەگاتە 8 کەس .

و هاوکات لە گەڵ ئەودا 2 هاوڕێتر لە تاران دەستگیر دەکرن . لە ئاوا هەل و مەرج و بارودۆخێکدا بوو کە ڕۆژی 19ی ڕێبەندانی ساڵی 1349ی هەتاوی ( 19ی ڕێبەندانی ساڵی 1970ی زائینی ) ئەندامانی گروپی چیا دامەزراند و غولامرەزا پەهڵەوی ( برای شا ) وەک چاوەدێر و هاوئاهەنگ کەری ئۆپۆراسیونی سەرکوتی شۆڕشگێرانی سیاکەڵ هاتە مەیدان . بەم شێوەیە هەزاران هێزی نیزامی و ساواکی بە پێشکەوتووترین چەک و چولی نیزامی بەرەو سیاکەڵ بەرێ کەوتن , و دارستانەکانی سیاکەڵ بووە گۆرەپانی شەڕی شۆڕشگێرانەی 9 فیدایی لە گەڵ هەزاران هێزی نیزامی و ساواکی . لە مەودای دوو ڕۆژ شەڕی خوێناوی , هاوڕێیان مەهدی ئیسحاقی و ڕەحیم سەماعی شەهید کران و 7 هاوڕێتر دەستگیر و ڕەوانەی ئەشکنجەگاکانی

**ئێمە ڕۆڵەکانی کۆمەڵە زەحمەتکێشانیکین کە لە مەودای سەدان ساڵ بە بەختکردنی گیانیان ئێمەیان فێری ئەوە کردووە کە بە چ شێوەیەك دەتوانرێ ئازادی و ژیانی بە شەرەف وەدی بهێنریت .**

هێرش دەکەنە سەر پاسگای ژاندارمەری . لەم کاتەدا هیچ کەس بڕوای نەدەکرد کە لە بەرانبەر چالاکی چەکدارانەی هاوڕێیانی دارستان , ڕێژیمی شا ئاوا کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدات کە تاکو ئەو کاتەدا بێ وێنە و لە بڕوا بەدەر بوو . بەڵام مێژوو نیشانی دا کە کردەوەکانی بەربلاو و سەرکوتگرانەی ڕێژیم بە خۆرایی و بێ ئامانج نەبوو , لە بەر ئەوەی کە کردەوەی شۆڕشگێرانەی جەنگاوەرانی سیاکەڵ ئاگری ڕق و کینەی کۆکراو لە دڵی خەڵك بە هێزتر کرد و بە شێوەیەکی لە بڕوا بەدەر شور و شەوق خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە ناو دڵی لاوانی وڵات بەهێز کرد و لە بەر ئەمە بوو کە ڕێژیمی شا بە مەسلەحەت خوازی سەروکەکانی ئیمپریالیستی خۆی بۆ سەرکەوتی شۆڕشگێرانی سیاکەڵ هەزاران هێزی نیزامی و هەموو ساواکی جەهەنەمی خۆیی بەسیج کرد . ژەنراڵ ئۆوەیسی کە لەو کاتەدا فەرماندەی گشتی ژاندارمەری وڵات بوو , خۆی بە خۆی لە سیاکەڵ ستادی عەمەلیاتیی

ساواک کران . بەڵام بە کار هێنانی ئەشکنجەکانی وەحشیانەی دوژمن کاردانەوەی نەبوو و لە بەرەبەیانی 27ی ڕەشەمەی ساڵی 1349ی هەتاوی ( 1970ی زائینی ) بە پێ بڕیاری بێدادگاکانی نیزامی و فەرمایشی شا 13 فیدایی سەربەرزانە لە بەرانبەر دەستەکانی ئیعدام ڕاوەستان و لە ڕێگای ئازادی و بەرابەری و سۆسیالیزم گیانی خۆیان فیدا کرد . ئەم 13 فیدائیە بریتی بوون لە هاوڕێیان عەلی ئەکبەر سەفایی فەراهانی , هادی بەندە خودا لەنگرودی , ئیسماعیل موعینی عەراقی , جەلیل ئینفیرادی , ناسر سەیف دەلیل سەفایی , محەمەد عەلی موحەدیس قەندچی , عەباس دانش بەهزادی , غەفوور حەسەن پوور , ئەسکەندەر ڕەحیمی مسچی , هادی فازڵی , هوشەنگ نەیەری , شوجاعەدین موشیدی و ئەحمەد فەرهودی . بە دوای دەسگیریەکانی تاران و ئیعدام

# لە هەر شوێنێک زوڵم هەیە ,
# خۆڕاگری و خەباتیش هەیە

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو سەرکوتی کردووە , بەڵام ئەم بزووتنەوەیە نە تەنیا سەرکوت نەکرا بوو , بەڵکو بە پەیوەست بوونی سەدان و هەزاران مرۆڤی تێگەیشتوو و خەباتگێر بە ڕیزەکانی ئەو بۆ ماوەی هەشت ساڵی تەواو و تا سەردەمی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی ڕەنجدەری خەڵک و ڕاکردنی شا بۆ ساتێک لە خەبات ڕانەوەستا و سەدان شەهید پێشکەشی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم کرد . و بە دروستی کە لە هەشتەمین ساڵرۆژی بەرێوەچوونی ڕێورەسمەکانی ڕێزگرتن لە حەماسەی سیاکەڵ بوو کە بریسکەی ڕاپەڕین بۆ جارێکیتر لە لایەن هەر ئەم فیدائیانە لێدرا و ڕێورەسمەکانی بەرێوەچوونی ساڵرۆژی حەماسەی سیاکەڵ لە ڕێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی ( 1978ی زائینی ) بووە خاڵی دەس پێکردنی ڕاپەڕینی گشتی کۆمەڵانی خەڵک و ڕووخاندنی ڕێژیمی سەڵتەنەتی .

لە 19ی ڕێبەندان تاکو ڕاپەڕینی 1357ی هەتاوی و لە ڕاپەڕینی 1357 تاکو ئێستا کە ڕێز لە سی و سێهەمین ساڵرۆژی حەماسەی سیاکەڵ دەگرین , هەزاران فیدایی لە ڕێگای ئارمانەکانی ئینسانی و لە ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم پەیکاریان کردووە . لەم پەیکارە دژوار و مەزنەدا زۆر لە هاورێیانی ئێمە لە شار و گوندەکان و لە کارخانە و مەزراکان لە بەر خاتری دیفاع لە قازانجەکانی کۆمەڵانی ڕەنج و کار و بۆ وەدی هێنانی ئازادی و سۆسیالیزم هەموو هەوڵ و تێکوشانی خۆیان کردووە . زۆر لە هاورێیانی ئێمە لە ئەشکنجەگاکان و زیندانەکان لە ئارمانی خۆیان دیفاعیان کردووە و هەزاران کەسیتر لەوان گیانیان لە سەر وەعد و پەیمانی خۆیان لە گەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش فیدا کردووە و هەروا لە پێناو ئەم پەیکارە عاشقانە و پڕ لە ڕاستیەیە کە ڕێکخراوی ئێمە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەند دە ساڵەی ڕابردوودا تاکو ئێستا بووەتە یەکێک لە هێزەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گرێنگ و کاریگەر . ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی لە مەودای نزیک بە 25 ساڵ هەموو هێز و توانای خۆی بە کار هێنا تاکو کاری ناتەواوی ڕێژیمی سەڵتەنەتی تەواو بکات , هەزاران کەس لە فیدائیانی گەلی بۆ جارێکیتر ناردە زیندان و ئەشکنجەگا و مەیدانەکانی گوڵلەباران . بەڵام سەرەرای ئەنجامدانی وەحشیانەترین کردەوەکانی سەرکوتگەرانە دژی فیدائیەکان , ئەم ڕێژیمەیش لە جێ بە جێ کردنی ئامانجەکانی نگریسی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو و شکستی خوارد و فیدائیان لە مەودای ئەم 39 ساڵەدا سەرەرای هەوراز و نشێوی زۆر و سەرەرای خیانەتی هاورێیانی تا نیوە ڕێ و هەڵەکان و بەلاڕێچوونەکان , ئێستا بە یەکگرتنی کۆمۆنیستەکانی ئەم بزووتنەوەیە و بە ئەزموون وەرگرتن لە سەرکەوتنەکان و شکستەکانی ڕابردوو , ئاڵایێک کە لە سیاکەڵ بەرز کرابوو هەروا بەرز ڕایان گرتووە . 39 ساڵ پاش دامەزرانی ڕێکخراو ئێستا بە کۆڵەبارێک لە تەجرووبە ڕاوەستاوین و خۆمان لە بەرانبەر ئەرکەکانێک دەبینین کە هەل و مەرجەکانی ناسکی ئەم کاتە لە بەرانبەری ئێمە دایان ناوە و ئێمە لە بەرپرسایەتیەک کە لە سەرمان دایە ئاگادارین و ئاڵایێک کە لە سیاکەڵ بەرز بووە هەرگیز لە سەر زەوی دانانێین . لە سی و سێهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراو جێگایەتی تاکو ڕێز لە یاد و بیرەوەری هەموو ئازاد پیاوان و ئازاد ژنانێک کە لەم ساڵە تاریکانەدا ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و سۆسیالیزمیان بەرز ڕاگرتووە و لەم ڕێگایەدا بە نرخترین گەوهەری ژیانی خۆیان فیدا کردوون , بگرین . ڕێگایێک کە تێپەر کردووین بناسین و ئەزموونی لێ وەرگرین . ئێستا بە یادی ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراو ,
یەکەمین ڕاگەیاندراوی ئەو دەخوێنین :

یەکەمین ڕاگەیاندراوی چریکەکانی فیدایی گەل :

لە هەر شوێنێک زوڵم هەیە , خۆڕاگری و خەباتیش هەیە . . . ئێمە ڕۆڵەکانی کۆمەڵە زەحمەتکێشانیکین کە لە مەودای سەدان ساڵ بە بەختکردنی گیانیان ئێمەیان فێری ئەوە کردووە کە بە چ شێوەیەک دەتوانرێ ئازادی و ژیانی بە شەرەف وەدی هێنا . . .

خەباتی چریکی ( پارتیزانی ) دەستی پێ کردووە . لە تەورێز چریکەکان هێرشیان کردووەتە سەر پاسگایێکی کەلانتەری ( پۆلیس ) و دەسکەوتیان لەم چالاکیە یەک قەبزە تفەنگ بووە . . . لە ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لە 40 بانک لە سەرانسەری وڵات بە تایبەت لە تاران لە لایەن چریکەکان هێرشیان بۆ سەر کراوە و ملیونەها تومەن پارەیەک ( پول ) کە لە خەڵکی ئێمە دزرا بوو , زەوتی شۆڕشگێڕانە کراوە و بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە ئیستفادەی لێ کراوە . هێرشی قارەمانانەی چریکەکانی گیان لە سەر دەست بۆ سەر پاسگای سیاکەڵ لە گیلان بە ڕوونی نیشانی دا کە خەباتی چەکدارانە تەنیا ڕێگای ئازادی خەڵکی ئێرانە . ئێمە چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران بە هێرش کردن بۆ سەر پاسگای کەلانتەری ( پۆلیس )






# ڕێگا YOL

لە فستیوالی فیلمی کان لە ولاتی فەرانسە لە ساڵی 1983، فیلمی کارگەردانی کوردی تورکیا یلماز گونای بە ناوی YOL ڕێگا ، لە گەڵ کارگەردانی بەناوبانگ کۆستا گاڤاراس دەرهێنەری فیلمی میسینگ بووە خاوەن خەڵاتی چلە دارخورمای زێرین.یلماز پتر لە 21 فیلمی دیکەی دروست کردووە کە ناوەکانیان بریتین لە : هاوڕێ ,گەرانەوەی شێرەکان , تیژ , فیشەک کار لە من ناکات , هەزار جار دەمرم , دڵی هاوبەش , ئامانجی زیندوو ,باوک , ترسەنوک و بەهێز پاشای ترسەنوک , سیستەم , جەلادی چەتە ,, ئەشرەف پاشا , ئەندیشە , سنوورەکان بپارێزن , مۆڵەت , مەترسی دارەکان , کۆزان ئۆغلو , چەک و یاسا بڕۆ , بەردەکانی شەیتان یلماز گونای لە ساڵی 1938 لە تورکیا لە دایک بوو و لە تەمەنی لاویدا شەیدای سینەماگەری بوو . لە ساڵی 1961 لە بەر خاتری بلاوکردنی رومانێکی کۆمۆنیستی بۆ ماوەی 18 مانگ زیندانی کرا . بە دوای ئەمەیشدا زۆر جار و لە بەر خاتری پابەند بوون بە بیروبروای پتەوەی خۆی بە نیسبەت ئارمانەکانی زەحمەتکێشان و شۆرشگێرانی ولاتەکەی کەوتە زیندان بەلام هیچ کات تەسلیمی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا نەبوو و خۆراگر بوو لە بەرانبەر هەموو رەنج و عەزابی زینداندا .بۆیە کەوتە بەر شالاوی غەیری ئینسانی فاشیستەکانی حاکیم بە سەر تورکیا و فیلمەکانی سووتینرا و بینینی فیلمەکانی قەدەغە کرا. تەنانەت بە زمان هێنانی ناوی یلماز گونای و باس کردن لە سەر فیلمەکانی جنایەت بە حیساب دەهات . یلماز کە زۆربەی تەمەنی لە زیندان بە سەر بردە بوو ، لە ساڵی 1981 لە زیندان هەڵات و چووە ولاتی فەرانسە . یلماز گونای پێش لە مردنی بە هاورێانی وەسیەتی کردە بوو کە « هاورێان پاش مردنم من لە لیباسی کۆمۆناردەکان بپێچن » یلماز لە ساڵی 1984 دا دڵی پر لە عەشقی بە نیسبەت زەحمەتکێشان لە لێدان راوەستا .کۆستا گاڤراس سەبارەت بە یلماز گونای و فیلمی یول ئاوا دەڵێ: فیلمی یول پێناسەیێکی جیهانیی دایە یلماز گونای و دەتوانم بلێم کە یلماز یەکێکە لە ڕێژیسۆرە هەرە گرنگەکانی تورکیا . ڕۆڵی یلماز وەک ڕێژیسۆرێکی سینەما ئەوەیە کە ، ئەو سەرکەوتووانە ژیانی ڕۆژانە دووبارە دەکاتەوە ، دۆکۆمێنتار ئاساش مامەڵەی لە گەڵدا ئەکات . تو سوور دەزانیت ئەوە ئەکتەرە رۆڵ دەگێرێ و لەوانەیە ئەو چیرۆکەیش هەرگیز رووی نەدابێت بەڵام لە هەمان کاتیشدا باوەری پێ دەکەیت و چیرۆکەکە لە گەڵ ژیانی رۆژانە گرێ دەدەیت . ئەمەیش گەورەترین رۆڵی ڕێژیسۆرە لە سینەمادا . ئەو مەزموونەی ئەو لە فیلمی یول بە کاری هێناوە بریتیە لە خەڵکێک کە لە زیندان ئازاد بووینە ، وەک چۆن بلێی خەڵکی ئاسایی ، هەموو خەڵکەکە و تەواوی ولاتەکەیش لە جۆرە زیندانێکدا ژیان ببەنە سەر وایە . پاشان ئازاد دەبن و دەتوانن بە سەربەستی هاتوچوو بکەن ، خێزانەکانیان ببینن . ئەوان رووبەرووی ئازادی دەبن ، رووبەرووی ولاتەکەیان دەبنەوە ، ئەو ئازادیەش لە ئاکامدا لە بەر ئەوەی کە ئازادیەکی کاتیە ، بۆیان دەبێتە دراما ، پێم وایە ئەوە بابەتی یەکەمی فیلمەکەیە « ئازادی » . مەزموونەکەی تر کە ئەو لە گەڵ چەمکی ئازادی بە کرای هێناوە ، ئەسپە مردووەکەیە ، کە بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە .ئەوەی گرنگ و سەرنج راکێشە لێرەدا ، ئەوەیە کە ئازادی هەمیشە و بەردەوام وەک درامایەک کۆتایی پێ دێت . تو ناتوانی بە خەڵکێک بلێی ( تو ئازادی ، فەرموو ، ئازاد بە ) ئەوەندە بەس نیە کە مرۆڤ بە تەنیا ئازاد بێت ، مرۆڤەکانیتریش دەبێ ئازاد بن ، رێز و تێگەیشتنیان بۆ ئازادیەکەی تو هەبێ . ئەمەیش پرۆسەیێکی کەلتووری درێژ خایەنە و بۆیە بەهێزترین پەیامی فیلمەکەی گونایە بۆ بینەرەکەی .لە فیلمەکەدا نیشان دەدری کە چۆن لە گەڵ ژندا وەک ئاژەڵ مامەڵە دەکرێ . ئەوان وەک مڵکن ، مڵکی پیاو ، دەبێ گوێرایەڵ بن . دەبێ بە شێوەیێک هەڵسوکەوت بکەن کە بە دڵی پیاو بێت . ئەگەر نا دەردەکرێن ، رەتدەکرێنەوە و دەکوژرێن و یان چیتر وەک مرۆڤ حیسابیان لە سەر ناکرێ و مافی ژیانیشیان نابێت .هەر لەو ساتەوە کە حەز و هەوەسەکانی پیاو پر ناکەنەوە ، وەلاوە دەنرێن و چیتر مافی خۆشەویستی و هاوسەری پیاویان نامینێت . و وەک کۆیلە مامەلەیان لە گەل دەکرێت . پێم وایە ئەمە تەنیا کێشەی تورکیا و کۆمەڵگای تورکیا نیە بەڵکو بە رای من ئەمە کێشەی زۆربەی ولاتانی جیهانە . هەتا لە فەرانسەیش ئەم شتە هەیە ، ئەڵبەتە بە شێوازێکی تر ، بەڵام دەتوانی لەم



شێوە هەڵسوکەوتە لە گەڵ ژن لێرەیش بدۆزیتەوە . لە فیلمەکەدا سەید وەک کارەکتەرێکی بە هێز زیندانێک بە جێ دەهێڵێ ، زیندانیکی راستەقینە ، پاشان دەچێتە زیندانیکی تر ، زیندانی خێزان ، زیندانی نەریتەکان ، کە دەیرووخێنێ ، چونکە ئەو زیندانانە لە هی یەکەمیان بەهێزترن ، و لە ئاکامدا بە دراما کۆتایی پێ دێت . . . کە دەبێ ژنی خۆی بکوژێت .سەبارەت بە دیمەنی کۆتایی فیلمی یول کۆستا گاڤراس دەڵێ : ئەو هەستەی کە لە لای من بە جێ ماوە ئەوەیە ، کە یەکەم دەمەوێ بلێم کە ئەو فیلمە چەندە بەهێزە ، کە واملێبکات بتوانم ، ئەو هەموو دیمەنانە کە زیاتر لە دوو ساڵە بینوومە ، بە بیری خۆم بهێنمەوە . ئەوەی تو باسی دەکەی پێ دەڵین ، تەنیایی ، بە مانایێکی تر ئەو « سەید » لە ئازاد کردنی خودی خۆی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا . هێشتا دەستبەسەرە ، ئەوەندە دەستبەسەرە ، نەک تەنیا هەر لەو واگونە بچووکەدا ، بەڵکو ، شەمەندەفەرەکەیش ئەوەندە خێرا دەروات کە ناتوانێت بە جێبهێڵێت . بە واتایێکی تر ، ئەوە کۆمەڵگایە ، کە دەستی بە سەر داگرتووە و گرتوویەتی ، ئەویش لە ناو قاوخی خۆدی خۆی و نەریتەکان گیری خواردووە ، ژیانیش ئەوەندە خێرا دەروات کە پێی راناگات بیگۆرێت . یان بە جێی بهێڵێت ، بچێتە دەرەوە و سەری خۆی هەڵبگرێ ، جا لەوێدا سەیری خۆی و هەڵسوکەوتی خۆی و جیهانی دەوور و بەری خۆی دەکات

# رۆژانە هەزاران تەن مەوادی موخەدیر چۆن بڵاو دەکرێتەوە!؟



تا ئێستا سەدان یاسای « خەبات دژی موخەدیرات » لە کۆماری ئیسلامی پەسەند کراوە کە سەرجەم ئەم یاسا پەسەند کراوانە تایبەتە بە ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن . بەڵام نەک رادەی ئەم کەسانە بەم کۆشتارە وەحشیانەیە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دانەبەزیوە , بەڵکو رۆژ بە دوای رۆژ دا بە رادەی ئەوان زیاتر دەبێتەوە و هەموو کەسێک دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی سەرچاوەی بڵاو بوونەوەی هەموو شتەکانی خراپ و نەفرەت لێکراوی سیستەمی سەرمایەداری ئەویش بە ئاشکراترین شێوەیەتی کە بڵاو کردنەوەی موخەدیراتیش وەک یەکێک لە ئامرازەکانی چارەرەشی کۆمەڵانی خەڵک و دیل کردنیان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداری ئێرانە کە کۆماری ئیسلامی وەک سەرخانی سیاسی ئەو هەڵدەسنگێندرێت .

کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشی تاکو نیشان بدات بڵاو بوونەوەی موخەدیرات لە نەبوونی یاساکانی توند و تیژی زۆرتر لە خەبات دژی ئەم گرفتە گەورە کۆمەڵایەتیە و بۆیە هەر جار کە ئەم بابەتە دەنگ دەداتەوە , پێ لە سەر ئەمە دادەگرن کە دەبێ توندوتیژی و ئیعدام ئەو کەسانەی کە مەوادی موخەدیر بە کار دێنن زۆر بکرێ بەڵام راستیەکان چیە ؟ ئەمەی کە زۆر روون و ئاشکرایە ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی , بە یاسا و بێ یاسا تاکو ئێستا هەزاران کەس لە قوربانیانی موخەدیراتی داوەتە بەر دەستەی ئیعدام و نموونەی ئەم کۆشتارانە , قەسابخانەکانی ئینسانە کە لە لایەن خەڵخالی بەرێوە چوو . بۆیە ناتوانین بڵێین زۆرتر کردنی رادەی ئیعدام کردنی ئەو کەسانەی کە موخەدیرات بە کار دێنن دەبێتە هۆی دابەزینی رادەی ئەوان و لە ناو چوونی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە . ئەمەی کە دەبێ بیر لێ بکەین ئەمەیە کە رۆژانە هەزاران تەن مەوادی موخەدیر چۆن بڵاو دەکرێتەوە و چۆن و لە لایەن چ دەزگایێکی بە هێز بەرهەم دێت و بڵاو دەکرێت راستی



ئەمەیە کە تاقمەکانی ئەسڵی بەرهەم هێنانی موخەدیرات و قاچاخ کردنی ئەوان , نەک تەنیا لە ناوخۆ وڵات بەڵکو ناردنی ئەو بە دوورترین شوێنەکانی جیهان هەروا کار بە دەستانی کۆماری ئیسلامین . دۆزینەوەی مەوادی موخەدیر لە جانتەکانی بەرپرسان و دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەرەوە بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە و هەموو کەسێک پێ دەیزانێ . بەڵام بابەتەکە تەنیا بەم جێگایە بەربەست ناکرێ . ئەمرۆکە دەبینین کە بەرهەم هێنان و دابەش کردنی موخەدیرات یەکێک لە سەرچاوەکانی گرینگی داهاتی کۆماری ئیسلامیە . بۆیە سەرەرای هەموو دۆزینەوەکانی موخەدیرات لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە نەناسراو دەمێنێ و تەنیا ناوی ئەوانەی کە دابەش دەکەن دەگۆترێ . بەڵام بەرهەم هێنانی ئەم مەوادە هەروا درێژی هەیە . قاچاخی موخەدیراتیش وەک قاچاخی هەموو شتەکانیتر تەنیا لە دەستی کۆماری ئیسلامیە و دۆزینەوەی ئەم موخەدیراتە تەنیا کاتێک بە ئەنجام دەگات لە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان تاقمەکانی مافیای دەسەڵاتدار بەرز دەبێتەوە و هەر تاقمێک تێ دەکۆشی تاکو پەرە بە سنووری چالاکی خۆی بدات . یاساکانی کۆماری ئیسلامیش بە بێ ئەوەی کە کارێکی بە سەر سەرچاوەکانی بڵاو کردنەوەی موخەدیرات بێت , بۆ فریودانەوەی بیر و بۆچوونی گشتی , ماشینی کۆشتاری خۆی بە کار دێنی و سەدان کەس لە قوربانیانی قازانج خوازی سیستەمی گەندەڵی کە خۆی بە سەر خەڵک داسەپاندووە و هۆی هەموو چارە رەشیەکانە ،




ئیعدام دەکات . و لەم نێوانەدا هەم ئیدعای خەبات دژی مەوادی موخەدیری هەیە و هەم بڵاوکراوانی ئەسڵی موخەدیرات کە کەسانێک جگە لە سەرکردەکانی رێژیم نین بتوانن بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بێ دڵەراوکەیی موخەدیرات بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن . کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا نایهەوێ دژی موخەدیرات خەبات بکات بەڵکو بڵاوکردنی موخەدیرات وەک یەکێک لە ئامرازەکانی دەسەڵاتداری نکبەت باری سەرمایە لە چارەرەشی کۆمەڵانی خەڵک و سستی و دیل کردنیان بە پێویست دەزانێ . زیاتر کردنی ماڵ و سامانی سەرمایەداران لە گیرۆی زۆرتر بوونی موخەدیرات , لەش فرۆشی , و هەزاران دەرد و بەڵا و چارەرەشیە کە سیستەمی سەرمایەداری تووشی خەڵکی کردووە . تەنیا بە نەمان و رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و لە ناوچوونی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و قازانج خوازی بێ سنووری سەرمایەداران و پارێزەرانی ئەوانە کە نەسڵی مرۆڤ خۆی لە قەید و بەندی هەزاران نکبەتێک کە ژیانی ئەو بەرەو نەمان و وێرانی دەبات رزگار دەکات . ئەو کاتەیە کە مرۆڤ ناچەوسێندرێتەوە و خۆی خاوەن دەس رەنجی خۆی دەبێ و تاڵان و دزی مانای خۆی لە کۆمەڵگا لە دەست دەدات .




# شکۆدار بێت یادی ڕاپەرینی مەزنی ڕێبەندانی 1357

سی و یەکەمین ساڵرۆژی ڕاپەرینی ڕێبەندان وەک گرێنگترین و بەرچاوترین خاڵی دەس پێ کردنی شۆڕشی گەلی ئێران ، تێ پەر دەکەین . ڕاپەرینێکی شکۆدار کە بێ گومان ئیلهام وەر گرتوو و ئاکامی حەتمی خەباتێکی نوێ لە ئاستی بزووتنەوەی نوێی کۆمەڵایەتی ئێران واتە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە 19ی ڕێبەندانی 1349 و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر نیمادەکانی سەرکوت و کینەی دژی شۆڕش لە لایەن هێزی شۆڕشگێر بوو کە ئەم جارە لە لایەن هێزی میلیونی کۆمەڵانی خەڵک جێ بە جێ کرا . سی و یەک ساڵ لەمەو بەر لە 22ی ڕێبەندانی 1357 کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە لە ڕەوتی ڕاپەرینێکی گشتی و لە بەرزترین شێوازی ئەو ، واتە ڕاپەرینی چەکدارانەی خەڵکی ، بە دروست کردنی باریگاد لە شەقامەکان و هێرش بۆ سەر ئورگان و نیمادەکانی سەرکوت و پارێزەری سیستەمی داسەپاو و تێک شکاندنی هێز و توانای ئەوان ، ئیرادەی پتەوی خۆیان بە مەبەستی پێک هێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بواری کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا نیشان دان . ڕاپەرینی 57 بێ گومان شکۆدارترین ڕووداوی شۆڕشی ئێرانە ، و ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کە گرێنگترین خاڵەکانی دەس پێ کردنی ئەو بوو ، هێشتا مەزنترین ئامانجەکانی خەباتی کۆمەڵانی چەوساوەی ولاتی ئێمەیە . سی و یەک ساڵ لەمەو بەر کاتێک کۆمەڵانی وە زاڵ هاتوو لە ستەم و چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و ڕێژیمی پاشایەتی لایەنگری ئەو ، بۆ وەدی هێنانی ویست و ئارەزووەکانیان ، ڕاپەرین . بەو هیوایە لاپەرەیێکی خوێناوی لە مێژووی خەباتیان هەڵدانەوە کە تێ دەکۆشان تاکو چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن ، ئامانج و ئارەزووەکانیان وەدی بێت ، هەژاری و نکبەت و چارە ڕەشی سێبەری ڕەشی خۆی لە سەر ژیانیان هەڵگرێ ، بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا ، و لە یەک وتەدا موژدە دەری ژیانێکی نوێ و بە دوور لە هەر چەشنە ڕەنج و دەردێکی سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی زاڵمانەی داسەپاو بە سەر ولاتمان بێت . بەلام نەک تەنیا ئەم کارە بە ئەنجام نەگەیشت ، بەڵکو ئەم جارە دەسەڵاتی سەرمایەداران بە سەر خانێکی سیاسی دواکەوتووتر و وەحشیانەتر لە ڕێژیمی پێشوو ، و لە سەر ئەساسی وەلایەتی فەقیح ئەرکی ڕێژیمی پێش لە خۆی بۆ پاراستنی سەروەری و دەسەڵاتی سەرمایە و سەرکوتی هەر چی زۆرتر بە ئەستوو گرت . ئاکامی ئاوا سات و سەودایێکی سیاسی شتێک جگە لە گرانی ، قەیران ، بێکاری و بێ خانوویی ، هەژاری و نەداری ، شەڕی ناعادڵانەی هەشت ساڵە ، گرتن و زندان و ئەشکنجە و ئیعدام و سەرکوتی دڕندانەی نەتەوەکانی ژێر ستەم لە لایێکەوە و پەروارتر بوونی سەرمایەداران و چینەکانی چەوسێنەر لە لایێکی دیکەوە ، شتێکی‌تر نەبوو . ڕاپەرینی ڕێبەندان لە هەل و مەرجی نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش, لە نەبوونی ڕێبەرایی‌یێکی شۆڕشگێر کە لە هەل و مەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگای ڕێبەرایەتی ڕێک خراوی چینی کرێکار بە ئەنجام دەگات ، لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا و دەسەڵاتی جێگیری دەسەڵاتی پێشوو دروست لە بەرانبەر ئەو شتەی کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئەو خەباتیان کردە بوو ، هەنگاو هەڵگرت . هێرش بۆ سەر ئورگانەکانی دەزگای دەوڵەتی بورژوازی و ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەداران و مۆفتەخورانی‌تری ناو کۆمەڵگای ، ڕاگرت . و ڕۆژی دوایی ڕاپەرین هەوڵی دا تاکو ئەو زەبرانەی کە لە دەزگاکانی سەرکوت و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتە بوو چاک بکاتەوە . بۆیە ئورگانەکانی‌تر وەک سوپا ، کومیتە و جیهاد و . . . لە پاڵ ئورگانەکانی سەرکوتی پێشوو دامەزراند تاکو دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵک یەک بە دوای یەک سەرکوت بکات . هەر چەند خەباتی کۆمەڵانی چەوساوە بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لە هێرشی دواکەوتوویی و دەزگاکانی سەرکوت تا ماوەیێکی زۆر لە ئاستێکی بەرز و لە هەندێک لە ناوچەکان لە بەرزترین ئاست و شێوازی خۆی ، درێژەی خایاند و ئێستایش لە شێوازەکانی‌تری خۆراگری و خەبات درێژەی هەیە . ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش ڕاپەرینی‌نیشانی دا ,کاتێک چالاکی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتی پڕ لە حەماسەی ئەوان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایێکی نوێ و پێک هێنانی گۆڕانکاری ئەساسی لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بە ئاکام دەگات ، کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ وە دەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەسەڵاتی

**ناونیشانی سایتی ریکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :**

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

. ئەگەر هێرشی دژی شۆرش بۆ سەر ئورگانەکانی خەڵکی وەک شووراکانی کرێکاری و جووتیاری و هیتد . . . لە رێکخستن بەهرەمەند بوو لە بەرانبەردا بە هوێ نەبوونی رێبەری پرولەتاریا لە رەوتی راپەرینی 57 کە نەیتوانی دەسەلاتی سیاسی بداتە کۆمەلانی خەڵکی راپەریو , هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەلانی خەڵک بۆ پاراستنی ئورگانەکانی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشی سەرکوتگەران بە هوێ نەبوونی رێکخستن , کورت خایەن بوو . و بەرەبەرە بزووتنەوەی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشەکانی دژی شۆرشی دەسەلاتدار تووشی پاشەکشە و لاوازی بوو .

گۆرانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دژایەتیەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگا , بوونی هەشت ساڵ شەری دواکەوتووانە و ناعادلانەی دژی خەڵکی لە گەڵ دەولەتی عێراق , ئەم ئیمکانەی بۆ رێژیم فەراهەم کرد تاکو سەرەرای پەرەسەندنی قەیرانەکانی تووندی ئابووری – سیاسی و کۆمەلایەتی , گرفتەکانی ناوخۆیی کە تووشی بوو داپۆشێ و بە فریوکاری و بە لاریێ بردنی بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆ لای بەرەکانی شەری دژی گەلی خۆی لە گەڵ عێراق , گۆرەپانەکانی نوێ بە مەبەستی هێرش بردنەوە سەری ماڵ و ژیانی کۆمەلانی خەڵک و هەموو دەسکەوتەکانی خەباتی ئەوان , بۆ خۆی پێک بێنێ . مافەکانی دیمۆکراتیک پێشێل بکات و بە گرتن و ئەشکنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بە گوللە بەستنی خەڵک لە سەر شەقامەکان , هارترین و درندانەترین شێوەکانی سەرکوت دژی بزووتنەوەی خەڵکی بە کار بهێنێ .

ئەمرۆکە سەرەرای سەرکوت و زەختی وەحشیانەی دەسەلاتداران و ئورگانەکانی سەرکوتگەر نەک قەیرانی ناوخۆ کۆمەڵگا پەرەی ساندووە , بەڵکو بوونی قەیرانەکانی ئابووری , سیاسی , کۆمەلایەتی وەک هۆکارەکانی عەینی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی برِیاری لە ناو چوونی حەتمی سیستەمی کۆن و رزیوی داوە . پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی بەشدار لە دەسەلات بە دوای پەرەسەندنی قەیرانەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا تا ئەو جێگایە کە هەر کام لە باڵەکان هەولی ئەوە بدەن تاکو کارامە بوونی خۆیان لە خزمەت کردن بە سەرمایەی ناوخۆیی و سەرمایەی جیهانی و پاراستنی ئەمنیەتی ئەوان بسەلمێنن و لە دەسەلاتدا رۆلی زۆرتر ببینن , پشتیوانی ئاشکرا و نهێنی ئیمپریالیزمی جیهانی و بنیاتەکانی سەرمایەی جیهانی وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە سیستەمی داسەپاو و بەستنی رێککەوتننامەکانی ئەسیر کەرەوە لە نێوان بنیاتەکان سەرمایەی جیهانی و ولاتانی ئیمپریالیستی و رێژیمی ئێران هەموو نیشانەکانی ترس و هەراسی سەرمایەیە لە پەرەسەندنی قەیران و بە مەبەستی کونترۆلی قەیران لانی کەم لەم کاتە ناسکەدا کە نارەزایەتی گشتی پەرەدەستێنی و بزووتنەوەی سەرانسەری خوێندکارانی زانکۆکان و کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش لە رەوتی بەرەو پێش چوونیان پێکەوە نێزیک و نێزیکتر دەبنەوە و بە بەرز کردنی دروشمەکانی هاوبەشی سیاسی خەباتی هاوبەشیان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرەو پێش دەبەن .

ئەزموونی راپەرینی 57 نیشانمان دەدات کە گەیشتن بە دەسەلاتی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش تەنیا بە رێکخستن بۆ دامەزراندنی ئاوا دەسەلاتێک مسۆگەر دەبێت . ئەمەیش مومکین نابێت جگە لە کار و چالاکی بەردەوام و ئامانج دار لە رێگای یەکیەتی ریزەکانی کۆمۆنیستەکان و پێک هێنانی تەنیا یەک ئیرادە لە ناو ریزەکانی ئەوان و دیاریکردنی لایەنی دیاریکراو بە کار و چالاکی ئەوان .

**بە دوای را پەرینی رێبەندانی 1357 ( 1978) ئاڵ و گۆریکی گرێنگ لە چوارچێوەی چینایەتی کۆمەڵگای ئێران هاتە کایەوە، رووخانی کاتی بۆرژوازی گەورە، ناسراو بە (کۆمپرادور) لە دەسەلاتی سیاسی، بە هێز بوونی بورژوازی توجاری و مام ناوەندی، پێکەوە نانی چوارچێوەی ئائینی سیاسی لە سەر رەوتی سیستەمی سەرمایەداری ئێران، هۆکارەکانی وەك پچرانی پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکا، سەر بەخۆیی سیاسی ، شەری هەشت ساڵە ، پەرەسەندنی بازرگانی ئاسیای ناوەراست بۆ ناردراوەکانی ئێران، پەرە سەندنی سەنعەتی ناوخۆیی و ناردنی بەرهەمەکانی کشت و کاڵ و سەنعەتی ، دامەزراندنی کارگەکانی بچووك لە رادەیکی بەر بلاو بۆ وەلامدانەوە بە پێداویستیەکانی شەڕ و وە گەڕ خستنەوەی سەنعەتەکانی پێوەندی دار لە گەل شەر، جێ پێ بۆرژوایی قایم کرد و بەم شێوەیە پرۆسەیك کە لە کاتی دەسەلاتداریەتی رەزاخان بە کۆ کردنی دەسەلات لە سیستەمی سەڵتەنەتی ئەو دەستی پێ کردە بوو ، ئە مجار بە کۆکردنی دەسەلات لەدەزگای دەوڵەتی ئائینی بە پاڵپشتی وەلایەتی فەقیح ، درێژەی بە پەرەساندنی خۆی دا.**

**بژی سوسیالیزم**

# 64 مین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان

دووی ڕێبەندان بەرانبەرە لە گەڵ 64 مین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان ، لە ئاوا ڕۆژێکی مێژووییدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورد دەوڵەتێکی میللی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و ئارەزووە دێرینەکانی گەلی کورد هاتە دی . ئەگەر چی تەمەنی ئەم کۆمارە زۆر کورت بوو ، بەڵام یادی شکۆداری ئەو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد زیندوو ماوەتەوە . کۆماری خودموختاری کوردستان کە باکوور و هەندێک لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان بە دەستەوەی بوو ، سەرەرای جێ بە جێ کردنی هەندێک کردەوەی دیمۆکراتیک وەک فێرکردن بە زمانی کوردی ، ئازادی ڕاگەیاندنی بیر و ڕا و بڵاو کردنی بلاوکراوە و کتێب بە زمانی کوردی ، دانی مافی دەنگدان بە شیوەیێکی یەکسان بۆ ژنان ، چەکدار کردنی گشتی و پێک هێنانی هێزی "پێشمەرگە " بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەت و پاراستنی کۆمار و . . . نەیتوانی پەر بە دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەمووکوردستان بدات و کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد لە دەوروبەری کردەوەکانی ئەساسی وەک چارەسەری گرفتی زەوی و گۆڕینی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی داسەپاو ، کۆ بکاتەوە و سەنگەرێکی قایم بۆ دیفاع لە کۆمار دروست بکات . کۆماری خودموختار لە هەمان سنووری چالاکی خۆی ئاوا کردەوانەی لە مەودای دامەزرانی بۆ پاراستن و بەردەوامی کۆمار جێ بە جێ نەکرد . کۆماری کوردستان ئەگەر چی لە سەرەتاوە توانی بەرپەرچی هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کۆمار بداتەوە و جێ پێی خۆی قایم بکات و دەوڵەتی مەرکەزی مەجبوور بە قبووڵ کردنی زۆربەی داواکاریەکانی خۆی و گرێنگتر لە هەموویان دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان بکات ، بەڵام نەیتوانی بە کردەوە جێ پێی ئەم کۆمارە قایم بکات و لە بەرانبەر پیلانگێریەکانی دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بوونی پێویست بۆ هێرشەکانی دوایی ئەو ، پێک بێنێ . بۆیە دەسەڵاتی دواکەوتووی مەرکەزی سەرەرای پاشەکشەی سەرەتایی ، هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بە کار هێنا تاکو هێرشێکی بەربلاوتر بۆ سەرکوتی کۆماری خودموختاری کوردستان وەرێ بخات . بەڵام کۆماری کوردستان لە هەل و و مەرجێکی دیاریکراو لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە سەرانسەری ئێران ڕاگەیاندرا . هەل و مەرجێک کە لەوێدا هاوسەنگی هێزەکان بە شێوەیێکی تەواو بە قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بوو ، هۆکارەکانی عەینی ناوخۆیی و زەمینەی لە باری نێونەتەوەیی هەموو و هەموو کاریگەریان بوو لە سەر سەرکەوتنی کۆمار . بزووتنەوەیێک کە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان ، لە سەر زەمینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکانی سەرانسەری ئێران پاش ڕووخانی دیکتاتۆری ڕەزا شا ، پێک هات . بە دوای خەرمانانی ساڵی 1320ی هەتاوی و هاوکات لە گەڵ هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ وڵاتی ئێران ،بناغەی دیکتاتۆری دواکەوتوو بوروکراتیکی دەسەڵاتدار هەڵوەشا ، کەش و هەوایێکی نیوە دیمۆکراتیک پێک هات ، بزووتنەوەی خەڵکی بە هێز بوو ، ئەحزاب وڕێکخراوەکانی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ لە سەرانسەری ئێران دامەزران و لە ناو نەتەوەکانی ژێر ستەم کە زۆرترین زەخت و گۆشاری دیکتاتۆری ڕەزا شا لە سەر شانی ئەوان بوو بززوتنەوەکانی میللی سەرێ هەڵدا و کۆمەڵانی بەربلاوی خەڵک لە دەوروبەری ئەحزاب و ڕەوتەکانی میللی کۆ بوون ، کە گرێنگترینی ئەوان بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان بوو کە لە هەر دووی ئەم ناوچانە پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوانە بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری خودموختار . هۆی سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان و ئازەربایجان ,زەمینەکانی عەینی بە هێزی ئەم بزووتنەوانە بوو . لە مەودای ژیانی دیکتاتۆری ڕەش ، بە تایبەت پاش شکستی شۆڕشی مەشرووتە خوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی بوروکراتیک _ دواکەوتووی ڕەزا شا ، سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەک یەکێک لە ئەساسی ترین کردەوەکانی دواکەوتووانەی دژی شۆڕش بۆ قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات کەڵکی لێ وەر گیراوە . ئەم سەرکوتە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران ڕووی دەدا ، بەڵام لە ئازەربایجان و کوردستان لە ئاستێکی بەرزتر و بەربلاوتر بوو . زۆربەی ژەنراڵەکانی دیکتاتۆری داسەپاو بەرز بوونی پلەی خۆیان بە هۆی سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەک لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەس هێنا بوون . سەرەرای ئەمە ، بوونی پەیوەندیەکانی ڕزیوی دەرەبەگایەتی _ عەشیرەیی لە کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی _ ئابووری ئەم ناوچەیە ، و پەرەپێدانی ئەم پاشکەوتنە لە لایەن دواکەوتووی دەسەڵاتدار و پاڵپشتی ئەوان بە بەشێک لە کۆنە پەرەستانی خەڵکی ناوچەکە ، بۆ پاراستنی ئەم بارودۆخە، هەمووو هەمووی زەمینەکانی مادی بوون کە لە هەل و مەرجی پەرەسەندنی بزووتنەوەی گشتی ، لە ڕاپەرینی گشتی و یەک دەستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد خۆی وە دەر دەخست . بەڵام چەوساندنەوەی میللی سەرپۆشێک بە سەر دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی قووڵ و نا لەباریەکانی داسەپاو بە سەر بارودۆخی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردستان بوو . بۆیە بزووتنەوەی میللی ساڵەکانی 24 _ 25ی هەتاوی لە کوردستان سەرەرای ئەوەی کە توانی ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و لە هەموو هۆکارەکانی کاریگەر لەم زەمینەیە کەڵک وەرگرێ ، بەڵام بە لە بەر چاو نەگرتنی ئەم ڕاستیە هیچ کات نەیتوانی کردەوەکانی ئەساسی بۆ سەقامگیری سەرکەوتن و بەردەوام بوونی لە داهاتوو بە ئەنجام بگەیێنێ ,گرێگترین لایەنی ئەم لاوازیە خۆی لە بێ دەسەڵاتی بە وەڵامدانەوەی ئەم کۆمارە بە ئەساسی‌ترین گرفتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لەو کاتەدا واتە



ئەم کارە جیٚ بە جیٚ بکات . ئەم بابەتـە کاریگـەری ڕاستەوخۆی بوو لە سەر کـۆ کـردن و ڕیٚکخـستنی کۆمەڵانی خەڵك بۆ پاراستنی کۆمار و دریٚژەدان بە تەمەنی ئەو . ڕیٚبەرانی کۆمار نەیانتوانی کۆمەڵانـی زەحمەتکیٚـشی کـورد بـە وەڵامدانـەوە بـە داخوازیەکانی دیاریکراویان ڕیٚك بخەن . هەر بۆیـە نەیانتوانی سەرەرای هندیٚك کردەوە , لە مـەودای تەمەنی کۆمار , هەنگاویٚکی کاریگەر بۆ سەقامگیری ئەو هەڵگرن و پەرە بە سنووری دەسـەلاتی خۆیـان بدەن , چـۆنکە سـەقامگیری کۆمـار لـە گـیرەوی پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بـە کۆمـەڵانی چـەکدار و ڕیٚك خراو بوو . کاریٚك کە بە کـردەوە بـە هـویٚ پیٚکهاتی چینایەتی ڕیٚبەرانی کۆمار نەیانتوانی جیٚ بـە جیٚی بکەن . بۆیە نەیانتوانی ناوچـەکانیتر لـە ژیٚـر ئالای کۆمار یەکگرتوو بکـەن و شـەڕی جیـددی و هەموو لایەنە بۆ سەقامگیری دەسکەوتەکانی کۆمار بکەن . کۆماری خودموختار بە بیٚ دەسەڵاتی خـۆی لـە گۆڕیـنی پەیٚوەندیـەکانی داسـەپاو بـە سـەر کۆمـەڵگای کوردسـتان و بـە ئـەنجام گەیاندنـی کردەوەکـانی دیمۆکراتیکـی ئەساسـی لـە بـواری کۆمەڵایەتی , لە بواری سیاسیش نەیتوانی لە ڕیٚك کردنی پەیٚوەندیـەکانی خـۆی لـە گـەڵ دەوڵەتـی مەرکـەزی خـاوەن هیٚزیٚکـی بـاش بیٚـت و پیلانگیٚریـەکانی یـەك بـە دوای یـەکی حکومەتـی مەرکەزی بەرپەرچ بداتەوە . کۆماری کوردسـتان بۆ پیٚك هیٚنانی بەرەیٚکی سەرانـسەری بەشـداری چالاکانەی کرد و لەم بـوارەدا سـەرەرای هندیٚـك ڕیٚککـەوتن لی گـەڵ کۆمـاری خودموختـاری ئازەربایجـان لـە گـەڵ هنـدیٚکیتر لـە هیٚزەکانـی دیمۆکرات و شۆڕشگیٚری سەرانسەری ئیٚران وت و ویٚژی کرد . بـەڵام ئـەم بـەرە سیاسـیە نەیتوانـی کردەوەکانی گـریٚنگ بـۆ گۆڕیـنی هاوسـەنگی لـە سەرانسەری ئیٚـران بـە ئـەنجام بگـەیٚنی. بە تایبەت بە ای سـات و سـەودا و سازشـی حیزبـی توودە لە گەڵ قەوامولسەڵتەنە سەروك وەزیرانـی ئەو کات و بەشداری لە دەوڵـەتی دواکـەوتوویی , ئەم بەرەیە بیٚ ئاکام مایـەوە . بـە هـاتنی حیزبـی توودە بۆ ناو دەوڵەت , ئەم حیزبە بە کـردەوە لـە هەر چەشنە دیفاع کردن لە مافی دیاریکردنی چارە نووسی نەتەوەکانی ژیٚر ستەم , چاو پۆشی کـرد و نـەك تـەنیا بـۆ پـیٚ ڕاگەیانـدنی ئامانجەکانـی شۆڕشگیٚرانەی کۆماری خودموختار نەیتوانی هەنگاو هەڵگریٚ , بەڵکو بە سازش و کوشتنی کـات , هـەر چـی زۆرتـر مـەجاڵ و زەمینـەی بـۆ سـەرکوتی بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردسـتان لـە لایەن حکومەتی مەرکەزی فەراهـەم دەکـرد و بـۆ ئەم مەبەستە یارمـەتیی دەدا . هـەر چـەند ئـەم حیزبـە لـە نیـوە ڕیٚـی سـازش و پـاش گۆڕینـی هاوسەنگی بە قازانجی دواکـەوتوویی لـە دەوڵەتـی قەوام وە دەر خرا , بەڵام ئـەم سازشـەی حیزبـی تـوودە بـووە هـویٚ لاوازی ئەساسـی کۆمـارە خودموختارەکان واتە پاڵپشتی یەك لایەنەی ئـەوان بـە بابـەتی میللـی و لـە بـەر چـاو نەگرتنـی ئەساسیترین بابەتەکان کە بـووە هـویٚ پیٚکهاتنـی بزووتنـەوەکان , و گۆڕیـنی هنـدیٚك هۆکـاری کاریگەری نیونەتەوەیی کاریگەری خۆی لە سەر مان و نەمانی کۆمارەکـان بـە جـیٚ هیٚـشت . کۆمـاری خودموختـاری کوردسـتان لـە ڕۆژی 24ی سـەرماوەزی سـاڵی 1325ی هـەتاوی بـە بـیٚ بـەرگریٚکی بەرچـاو و بـە هـاتنی ئەرتـشی دواکـەوتوویی بـۆ نـاو شـاری مـەهاباد ڕووخـا و ڕیٚبەرانی ئەو پاش دەسگیری ئیعدام کران . ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کەم بوو , بەڵام ئەزموونە پڕ لە بایەخەکانی کە لە خۆیەوە بە جـیٚ هیٚـشتووە وەك ئزموونیٚکـی پـڕ بایـەخ لـە ژیـانی بزووتنـەوەی شۆڕشـگیٚرانەی گـەلی کـورد , خـاوەن جیٚگـا و شویٚنیٚکی تایبەتی لە میٚژووی خەباتی گەلی کوردە . ئەگـەر چـی یەکـەمین کۆمـاری خودموختـاری کوردستان لە ژیٚر پۆتینی هیٚزەکـانی سـەرکوتگەری دواکەوتوویی داسەپاو و سەرکوتگەران ڕووخا بەلام ئارمانەکانی گەلی کورد و خەبات بۆ وەدی هاتنیـان زیندوو مایەوە.

هەڵویست وەرگرتن سەبارەت بە لە ناو بردنی ستەمی نەتەوەیی و بە رەسمی ناسینی مافی چارەی خۆ نووسین پیٚوانەیٚکی زۆر گرینگ و ئەساسەیە بۆ ناسینی دوستان و دوژمنانی ئازادی . تا ئەو کاتەی لە ئیٚراندا نەتەوەکان بەم شیٚوەیە لە زنجیری دیلی بە سەر دەبەن , دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی هیچ مانایٚکی نیـیە .میٚژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕابردوو لە ئیٚراندا , ئەم راستیە حاشا هەڵنەگرە وە دەر دەخات کە هەر کات خەڵکی زەحمەتکیٚشی ئیٚران ڕاپەریون تاکو کوشکی زوڵم و دیکتاتۆری بڕووخیٚنن , لەم گیر و دارەدا تا نەتەوەیٚك ویستویەتی لە دەسکەوتی خەباتی خۆی کەڵك وەر بگریٚ وچارە نووسی خۆی دیاری بکات , لە ژیٚر ناوی (( خەتەری جیاخوازی )) کەوتووەتە بەر هیٚرش و هەر لەو شویٚنەدا بناغەی گەرانەوە بۆ دیکتاتۆری , سەرکوت و بەردەوامی ئەو لە سەرانسەری وڵات دانراوەتەوە .دەتوانین بلیٚن کە ریشەکانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویی لە ئیٚراندا لە دیل بوونی نەتەوەکانە .

## زنجیره وتاریك

## له رادیو دەنگی فیدایی

## بەسەرهاتی مردنێکی مێژوویی

## خەرمانانی سالی 1364 هەتاوی




# تەعسیراتی جیابوونەوەی وردە بورژوازی لە رێکخراوی موجاهیدین و چۆنیەتی جیابوونەوەی

هەروا کە لە باسی پێشوومان روونمان کردەوە ، هاوکات لە گەڵ پەرەساندنی خێرای پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و دووبەرەکی کەوتنەوە لە نێوان وردە بورژوازی ، سنووردانانی چینایەتی کۆمەڵگایش بە نیسبەت دەورانی پێشووتر زۆرتر خۆی نیشان دەدا و زۆر لە گۆمان و تەوەهوماتی کۆن وەک مەزهەب ، بە تایبەت لە ناو کۆمەلأنی کرێکار ، جووتیاران ، هەژارانی شار و روشنبیرانی شۆرشگێر لە ناو چوون .

ئەگەر تاکو پێش لە گەشەکردنی بە تەواوی سەرمایەداری بۆ جووتیاران و سەرجەم کاسبکاران و پیشەوەرانی شار ، مەزهەب وەک رەنگدانەوەی " بەرەکەت " و هۆکرای سیحراوی زیادبوونی داهات بە حیساب دەهات ، بەرەکەتی بەرهەم هێنان بۆ کرێکاران و پرولیتاریای چەوساوە ، جگە لە نکبەت و نەهامەت بەرهەمێکی تری نەبوو . ئەگەر جووتیار بە ئومیدی خوای خۆی لە سەر زەوی تووی گوێرایڵیی دەکێلا ، کرێکار بە هەموو هێزی کاری خۆی تووی کینە و نەفرەتی دەکێلا . و بە دژی مەشیەتی خوایی سەرمایەداری ، ئالأی دژایەتیی بەرز دەکردەوە . ئەگەر کاسبکاران و پیشەوەران بە بەرەکەتی خوا خەریکی کۆکردنەوەی دەخل و خەرجی خۆیان بوون ، کرێکار بە وەلانانی اللّه چارەنووسی خۆی دیاری دەکات !

رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران وەک رێکخراوێکی سیاسی دیموکرات کە نوێنەرایەتی بەشێکی گەورە لە وردەبورژوازیی ئێرانی لە تەواوەتی خۆی دەکرد ، نەیدەتوانی لە تەعسیراتی ئەم گۆرانکاریە عەینی و زەینیانە دوور بمینێتەوە و تووشی جیابوونەوە نەبێت .

ئەم جیابوونەوەیە لە ماوەێکی پێشتر لە حاڵی روودانەوە بوو و راستیەکانی ژیانی ئابووری کۆمەلانی خەڵک لە کۆتائیدا تەعسیراتی خۆی لە سەر رەوتی خەباتەکانی مێژوویی دانابوو . رێکخراوی موجاهیدین دەبوایە کۆتایی بهێنا بایە ئیلتقات نێوان مەزهەب و سوسیالیزم !یان دەبایە رێبەیری چینی کرێکاری قبوول بکردایە و یان لە جەهەتی قازانجەکانی بورژوازی ئیران هەلویستی وەربگرتبا . تەعسیراتی ئەساسی ئەم دژایەتیە بووە هۆی پەیدابوونی قەیرانی سەخت لە ناو تەشکیلاتی موجاهیدین کە بە تایبەت لە ساڵەکانی 52 و 53 دا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و لە کۆتائیدا دژایەتێک کە لە نێوان قازانجەکانی وردە بورژوازی دیموکرات و بورژوازی لەم دەورانەدا سەری هەڵدابوو ، لە سەرەتاکانی ساڵی 54 بووە هۆی جیایی حەتمی ئەم دوو گەرایشە و جیابوونەوە لە ریزەکانی موجاهیدین بەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێکردن و لە سەر ئەساسی ئەم گۆرانکاریانە سەری هەڵدا.دژایەتیە ناوخۆئیەکان کاریگەریی تایبەتی هەبوو لە سەر یەکتر و جیابوونەوەی بە تەواوی ئەوان کە لە پێشدا چاوەروان دەکرا ، رووی دا . بەلام بەو شێوەیە کە رووی دا هیچ کەس چاوەروانی نەدەکرد .

ئەگەر بمانەوێ کەمێك زیاتر لە سەر ئەم دژایەتیە باس بکەین ، دەبێ بلین : دوو گەرایشی وردە بورژوازی دیموکرات و بورژوازی لیبراڵ سەرەرای زاڵبوونی بە تەواوی یەکەمی دا ، بەلام تەیفێکی موخالیفی لە پاڵ یەتر دادەنا کە هەم لە باری ئابووری خاوەن قازانجەکانی جیاواز بوو و هەم لە باری مەزهەبی بیر و بۆچوونەکان و روانگەکانی تایبەت بە خۆیی هەبوو .تەواوەتی موجاهید کە نوێنەرایەتی هەژارانی شار و ۆەحمەتکێشانی کۆمەڵگای دەکرد ، عەزمی کردە بوو کە بە دژی ستەمکاران ڕاپەرێ و شان بە شانی مارکسیستەکان بە دژی ستەمی ئاریامهری ڕاپەرێت . لە بەر ئەوەی کە ئەو لە نێوان خۆی

و مارکسیزم دا فەرق و جیاوازی ئەوتوی دانەدەناو هیژ ترسێکی لە مارکسیزم نەبوو . موجاهید لە ناخەوە لە سەر ئەم بڕوایە بوو کە :

" ئیسلامی دوژمنی ستەمکار ، ڕێز دادەنێت بۆ بە مارکسیزمی دوژمنی ستەمکار و دەتوانێ شان بە شانی ئەوان بە دژی شای ستەمکار ، شەڕ بکات لە بەر ئەوەی کە یەک دوژمنیان هەیە : "دواکەوتوویی و چەوساندنەوە " " ( وەرگرتوو لە یەکێک لە ڕاگەیانراوە سەرەتائیەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک )

گەرایشی زاڵ بە سەر موجاهید تێدەکۆشا ، عەداڵەت و بەرابەری ئوتوپیایی خۆی بە جێ زوڵم و ستەمی ئاریامهری دابنی . بۆیە لەم باوەڕەدا بوو کە " ماکسیزم " شتێک نیە جگە لە وەڵامی موشابە بە پیویستیەکانی ژینایەتی و هەل سەنگانە مەزهەبیەکانی ئەو لە بابەتەکانی دیاریکراوی خەبات ، و دەیوت :

" ئەو مارکسیستەی کە بە دژی ستەم خەبات دەکات ، بە دروستی دا ئەو فەرمانانەی جێبە جێ دەکات کە ئیسلام داوەتی . بەڵام کارێک کە ئاریامهر ئەنجامی ئەدات بە دروستی بە دژی فەرمانەکانی ئیسلامە ."

و یان ئەوەی کە دەیوت :

" ئەو مارکسیستەی کە لە ڕێگای خەڵکدا شەهید بێت ، بە دروستی فەرمانی علی ابن ابیتالب ئەنجام ئەدات کە دوژمنی ستەمکار بن و یاری ستەم لێکراو ." ( وەرگرتوو لە هەمان ڕاگەینراو )

بەڵام گەرایشی دیکە تەنیا دەیویست دەسەڵاتی پەهلەوی لاواز بکات . دەیویست لە گۆشە و کناری دەزگای حاکمیەت بۆ زنجیرە مەراتبی مەزهەبی جێگاێک خۆش بکات و هەوڵی دەدا بۆ جارێکی تر مەوقعیەتی لە دەس چووی دەورانی قاجار بۆ ڕەوحانیەت زیندوو بکاتەوە . هەموو فیکر و خەیاڵی ڕەوحانیەت لە سەر ئەم مەوزوعە موتەمەرکز بوو کە ئاریامهر پابەند بکات بە دروشم و نەریتەکانی مەزهەبی" بەیانی ئەم فیکریەتە لە حەوزەی ئابووری دا شتێک نەبوو جگە لە ئازادی بازرگانی و سەربەست کردنی ڕەوحانیەت و ئەسپاردنی مەوقوفات ، ئەملاک و تەولیەتەکان بە ئەوان !

ئەم دوو گەرایشە لە یەکتر جیا دەبوونەوە و نوێنەرانی تایبەت بە خۆیانیان دەدۆزیەوە ! موجاهید دەبوایە یەکێک لەم ڕێگانەی هەڵبژێردایە .

لەم دەورەیەدا ، مەزهەب مەجاڵی جموجۆلی لە موجاهید گرتبوو . تەنیا بیروبۆچوونەکانی مەزهەبی نەبوو کە بووە ڕێگری خەباتی وردەبورژوازی دیموکراتی ئێران ، مەزهەب قەید و بەندی چینەکانیشی لە گەڵدا بوو . بەشێکی گەورە لە پیویستیەکانی ماڵی موجاهیدین لە ڕێگای بازارەوە دابین دەکرا و گروپێکی گەورە لە نوێنەرانی ئەم گەرایشە بەردەوام لە تەشکیلاتی موجاهیدین دەبوونە خاوەن نفووزی زۆرتر . موجاهید توێژەکانی مورەفەی وردەبورژوازی و بورژوازی توجاریی لە چالاکیەکانی خۆی بەشدار کردەبوو . ئەم بەشداریە لە دەرەجەی یەکەمدا مافی هەبوونی هێزێکی دیموکرات لە ئەو سەلب دەکرد .

ترسی ئەم گەرایشە لە مارکسیزم زۆرتر لە کینەی ئەو بە نیسبەت ئاریامهر بوو . بەڵام پێش لەوەی کە ئەم گەرایشە زەمینەی سەرهەڵدانی فەراهەم بێت ، زۆربەی هێزەکانی موجاهید هەڵبژاردنی خۆیان کردەبوو . موجاهیدین ئەم جەهەت گیریە بەرەو لای دیاریکردنی یەکلایی تەکلیف بە دژی لیبراڵیزمی بورژوایی هدایەت کردن و ئەویان ناچار کرد کە لە نیوان مەزهەب و سوسیالیزمی مەبەستی خۆیان ، دووهەمی هەڵبژێرن . لەبەر ئەوەی کە :

یەکەم : بوونی سەڵتەنەت و ستەمی ئاریامهری ڕێگر بوو لەوەی کە موجاهید بتوانێ لە نێوان مەزهەب و خەبات بە دژی ستەمکاری ئاریامهری ، مەزهەب هەڵبژێری . دووهەم : گەرایشاتی ڕادیکاڵ و تەمایولاتی هێزی نەداری شار و هەژاری و چارەرشی بێ سنوور و لە ڕادە بەدەری ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە کە لە نێوان گەرایشاتی شۆرشگێرانەی مەزهەبی موجاهیدین لایەنگری سەختی لێدەکرا ، بووە گرینگترین هۆی ڕێگر لە بەرانبەر تەمایولاتی بورژوایی و کاسبکارانی بازار .

سێهەم : ڕەنگدانەوەی سیاسی ئەم تەمایولاتە و تەجروبەی شکستی خوێناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە 28ی گەلاوێژی ساڵی 1332 ، تەعسیراتی خۆی بە سەر زەینیەتی کۆمەڵانی خەڵک و نەریتە شۆرشگیرانەکانی ئەوان دانابوو . ئەو نەریتە خەباتگێرانەی کە هیچ ڕێگایەک جگە لە ئەنجامدانی قەهری شۆڕشگێرانە بە دژی ئاریامهر نەهێشتبوو . لە بەر ئەوەی کە شا بە کودیتای خوێناوی 28ی گەلاوێژ و ئەشکنجە و تیرباران و خەفەقان هاتبووە سەر کار و دیکتاتوری هەوسارپچراوێکی بە سەر خەڵک داسەپاندە بوو . ئەو بە شێوەیکی ئاشتیانە نەگەیشتبووە دەسەڵات کە بە شێوەیکی ئاشتیانە واز لە دەسەڵات بهێنێ. ئەم تەجرووبەیە خەتێکی سوور بە سەر هەر جۆرە گۆمان و تەوەهومێکی لیبراڵی دەکێشا . گەرایشی زاڵ کە نوێنەرایەتی قازانجەکانی توێژەکانی دیموکراتی وردە بورژوازی دەکرد ، حەقانیەتی مێژوویی سوسیالیزمی قبووڵ کرد . بەڵام لە بەر ئەوەی کە لە مەودای دەورەیکی زۆردا لە نێوان مەزهەب و سوسیالیزم تێکەڵاوی بە وجود هێنابوو ، لە بەر سرووشتی وردە بورژوایی خۆی ، نەیتوانی ئەسلەکانی سیاسی – ئایدولۆژیک لە پێکهاتەی تەشکیلاتی جیا بکاتەوە و لە ئاکامدا دەستی دایە ئەنجامدانی شێوە و کردەوەی پیلانگێرانەی کە یەکەم قوربانیانی ئەو کەسێک نەبوو جگە لە خۆدی خۆی . یەکەمین ڕاگەیانراوی جیابوون78ە لە پائیزی 54 بە ڕاگەیاندنی مارکسیست بوونی موجاهیدین ، کاتێک بڵاو کرایەوە کە تەنیا چەند مانگێک لە دەستگیر بوونی بەشێکی گەورە لە 7ع6666 بوو . ئەو ڕێبەرانەی کە یەکەمین ڕاگەیاندنی هاوپشتی ئەوان لە گەڵ کرێکاران ، خیانەت بە چینی کرێکار بوو . ئەوان پێش لە دەستگیری بە ئانارشیترین شێوەی مومکین موخالیفانی ناوخۆیی ڕێکخراویان قەڵاچوو کردە بوون و پاش دەستگیریش بە نیشان دانی دوستی خۆیان بە سەڵتەنەت و داوای لێبوردنلە ئەعلاحەزرەت هەموو زانیاریەکانیان دایە خزمەتی ساواک . ناسراوترین کەسانی ئەم هێزە دژی کرێکاریانە وحید افراخته و فقیه دزفولی بوون کە لە ئەوجی موقاوەمەتی حەماسی فیدائیان و موجاهیدین لە دەورانی شا ، چوونە

بەرانبەر ڕێژیمی شا چووکیان دا . زۆربەی ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە کە دوایی بە ناوی ڕێکخراوی پەیکار ناسران ، چارەنووسێکی جگە لەمەیان نەبوو . خیانەتەکانی نەفرەت ئەنگیزی کەسانێک وەک روحانی ، عابدینی ، رادمنش و ئەوانەی تر . . کە لە ناو زیندانەکانی ڕێژیمی خومەینی دیسان عابدی موسلمان بیوونەوە ، دەبێ لەم زاویەیە بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن .

راستی ئەمەیە کە جیابوونەوە لە ڕێکخراوی موجاهیدین ، یان باشتر بلێین چەرخشی ئەم جەریانە لە ساڵی 54ەوە بەرەو لای بە ئیستلاح مارکسیزم ، لە سەر بنەماکانی ئەسیلی مارکسیستی رووی نەدابوو کە بە شێوەکانی مارکسیستی عەمەلّ بکات ! ئەم ئاڵوگۆڕە لە وەزعیەتی هێزێک رووی دەدا کە پێش لە گەیشتنی بە ئامانجەکانی کۆمۆنیستی و تێگەیشتنی مەفاهیمی مارکسیستی ، ئامانج و ئارمانەکانی خۆی لە دەس دابوو .ئەم هێزە مەزهەبیە هەروا بە مارکسیزمی دەروانی کە دەروانیە مەزهەب !نە رابردوویەکی بوو کە بە پاڵپشتی ئەو کوڵەکەکانی عەقیدەتی خۆی قایم بکات ، و نە داهاتوویێک کە بۆچوونەکان و ئارمانخوازی ئەو دیاری بکات . مەزهەبێک جێگای مەزهەبێکی تری گرتبوو . بەم فەرقە کە یەکەمیان دەگەڕایەوە بۆ پەیغەمبەرانی ئەکرەم و چارەنووسی خۆی لە گەڵ ئەمەی ئەتهار لە بەهەشت دەدۆزیەوە و دووهەمیان بە تێگەیشتنی ئانارشیستی و وردە بورژوایی لە مارکسیزم هەر لە سەرتاوە حیسابی خەربوزەی بۆ شۆرش دەکرد . جەریانێک کە لە ئەوجی راپەرین لە حەولی خەباتی ئابووری ، لە فەرازی ئانارشیسم کەوتە قوولایی ئۆکۆنۆمیسمەوە و هەر ئەو کاتە بە ئاب و تابەوە بانگەوازی کرێکارانی دەکرد کە بە جێگای ئەوەی چەک هەڵبگرن و بچنە ناو شەقامەکان ، بناغەی سەندیکاکان دامەزرێنن . افراختە ، دزفولی ، عابدینی ، روحانی و رادمنش زنجیرەیێکی بەیەکەوە گرێدراو بوون کە جگە لە پووچیزم ، بێ ئیعتقادی و بێ ئیمانی ، سەرچاوەی شتێکی تر نەبوون و نەیانتوانی بن . ئەم شێوە تێگەیشتنە بەپێچەوانەیە لە مارکسیزمیش نەیدەتوانی جگە لەمە بێت .

چارەنووسی ڕێکخراوی پەیکار نەتیجەی مەنتقی ئانارشیگەری وردەبورژوایی بوو کە سەرەرای تەمایولاتی رادیکاڵی وردەبورژوازی و نزیکی خۆی بە سوسیالیزم ، هیچ کات نەیتوانی لایەنگرانی ئەم گەرایشە کە بە شێوەیێکی بەربڵاو لە دەوری ڕێکخراوی موجاهیدین کۆبوونەوە ، ڕێبەری بکات و ڕێکیان بخات . بەڵکو بە چێچەوانەوە شێوەی پیلانگێرانە و ئانارشیستی جیابوونەوە ، تا رادەیێکی زۆر ئەم تەمایولاتانەی لە ناو ڕێکخراوی موجاهیدین لاواز کرد و گەرایشاتی رادیکاڵی ئەوی بەرەو لای مەحافزەکاری برد . لە موجاهیدی مەزهەبی لە دەرەوەی زیندان هێزێکی ڕێک خراو نەمابوو . بەڵام موجاهیدی ناو زیندان لە ئاڵوگۆڕەکانی دەرەوە بێ بەش بوون و لە سەر عەقایدی پێشووی خۆیان سوور بوون . ئەوان بۆ مارکسیزم زدایی هێزەکانی خۆیان ، هەرچی زیاتر پەنایان بردە شەریعەتی ئیسلامی و خوێندنی متونی مارکسیستی کە تا ئەو کات زۆر لە لایان خۆش بوو ، لە دەستووری کاری خۆیان وەدەر هێنا .گەرایشاتی لیبراڵی بورژوایی لە ناوخۆی زیندانیش کە خۆیانیان بە موجاهید نزیک کردە بوو ، کاتێک کە شەبەحی کازبی مارکسیزمیان لە سەر سەری موجاهیدین بینی ، زۆرتر ترسی خۆیان لە حەقیقەتی کۆمۆنیزم نیشان دا و لە هەموو هێزەکانی شۆرشگێری ناو زیندان بە جیددی دوور کەوتنەوە .ئەم هێزە موتەعەسبە مەزهەبیە هەرچەند لە سەرەتاوە ، دژایەتی کۆمۆنیزمی بە خەبات دژی ڕێژیمی سەڵتەنەت تەرجیح دەدا ، ئەگەر تا ئەم کاتە نەدەوێرا بە ئاشکرا بە دژی کۆمۆنیستەکان پروپاگەندە بکات ، لە شێوەکانی ئانارشیستی جیابووەکانی موجاهیدین بیانوێک دەستی کەوت تاکو دژایەتی خۆی بە دژی کۆمۆنیستەکان ئاشکرا بکات و بە شێوەیێکی زۆر رەزیلانە خەریکی پروپاگەندە بێت . موجاهیدینی مەزهەبی ناوخۆی زیندانیش سەرەرای هەموو هەول و تەقەلای موحافیزەکارانەی کە بۆ ئیعتبار بەخشین بەم توێژە لیبراڵە مەزهەبی و موتەعەسبە بە کار هێنا ، بەڵام نەیتوانی برایەتی رابردووی خۆی لە گەڵ ئەوان بپارێزی و موری تەکفیری ئەم جەماعەتە لە ناوچاوانی خۆی بسرێتەوە : موجاهید ، بە موناڤق ناسرا بوو . ))

## بەرێز بێت یادی چوار ئەستێرەی سووری خەباتی خەڵکی تورکمەن

چهار آذرخش



چهار آذرخش شب کارگر
چهار آذرخش شب برزگر
درخشیده از جنگل ترکمن
خروشیده بر قلەهای وطن
گل و جنگل و جوخەهای جنوب
شب و تیر باران و گلباران خون
چهار اسب ترکمن
مختوم ، واحدی ، جرجانی ، توماج
خونین و شیهه زن
در شب شکنجەو تاراج
همه کشتزاران زخون خوشه شب
همه گلبن موج در خون شکست
ز چرخ تا به دستهای زحمتکشان
گل خشم و کین شعله زد ناگهان
زهر اوج فریاد زد مادرین
ز هر خوشه زد نعره در خاورین
چهار اسب ترکمن
مختوم ، واحدی ، جرجانی ، توماج
خونین و شیه زن
در شب شکنجه و تاراج
ز خون فدایی در این کشتزار
گل رزم روید هزاران هزار
نه پروایی از پاسداران شب
نه پروایی از جوخەهای تیر باران
گل و جنگل و جوخەهای جنوب
شب و تیر باران گلبار خون

# ووشەی سیاسی

## پاسیفیزم ( Pacifisme )

پاسیفیزم لە واژەی لاتینی بە واتای ئاشتی و ئارامی وەرگیراوە و بە مانای لایەنگری لە ئاشتی و ئارامیە . پاسیفیزم ڕەوتێکی لیبراڵیە کە نوێنەرانی ئەو دژی هەر چەشنە شەڕێکن و بڕوایان بەوەیە کە بە پێ ڕاگەیاندن و ئامۆژگاری کردن دەتوانن ئاشتی بە شێوەیکی گشتی دامەزرێنن . ئەگەر چی لەم کاتەدا لە گەڵ تووند بوونی خەتەری شەڕخوازی وڵاتانی ئیمپریالیستی , پاسیفیستەکان بە شێوەیکی چالاکانە لە کردەوەکانی ئاشتی خوازانە بەشداری دەکەن و ڕەوڵێکی باشیان هەیە لە ڕاگەیاندنی داخوازیەکانی خەڵک دژی پیلانەکانی شەڕ خوازانە , بەڵام لە هەمان حاڵدا پاسیفیزم لە ئەساسدا ئامرازێکە بۆ پووچەڵ کردن و بە لاڕێ بردنی کۆمەڵانی خەڵک لە خەباتی چالاکانەیان دژی شەڕ و پیلانەکانی ئیمپریالیستی و لە ڕابردوو دا زۆر جار لەوی بۆ فریو و شاردنەوەی ریشە و هۆیەکانی شەڕ و تەداروکاتی سەربازی ئیمپریالیستی کەڵک وەرگیراوە . لایەنگری لە ئاشتی دەبێ چالاکانی و خەباتگێرانە بێت . ریشە و هۆیەکانی شەڕ لە سیستەمی سەرمایەداری و ناوەڕۆکی ئیمپریالیستی بدۆزێتەوە .

کۆمۆنیستەکان هەمووە کات لایەنگری چالاکی ئاشتی بوون و دژی شەڕکانی نا عادلانەی چەوسێنەران و داگیرکەران شەڕیان کردووە و لە هەمان کاتدا لە شەڕەکانی شۆڕشگێرانە خەڵکی , شەڕەکانی دیفاعی و شەڕەکانی ڕزگاری بەخش دیفاعیان کردووە .

پاسیفیزم جیاوازی ئەساسی لە نێوان شەڕی عادلانە و شەڕی نا عادلانە لە بەر چاو ناگرێت و ئامرازەکانی بێ سوود و نا چالاک وەک ئامۆژگاری کردن بۆ ئەم مەبەستە بە بەس دەزانێ . جیاوازی بزووتنەوەی بە هێزی لایەنگرانی ئاشتی بریتی لە هێزەکانی جۆر بە جۆر و لە سەروەوەی ئەوان کۆمۆنیستەکان لە گەڵ پاسیفیستەکان لە خەباتی چالاکانە دژی خەتەری شەڕ و دژی ئیمپریالیزمە کە خوڵقێنەری ئەم خەتەرەیە . بۆ نموونە خەباتی ئەوان دژی شەڕی ڤیتنام بە مانای پشتیوانی تەواو لە خەڵکی ڤیتنام و شەڕی عادلانەی ئەوان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاکو سەرکەوتنی ئەم خەڵکە و بە مانای شەڕ دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەکرێگیراوانی ناوچەیی ئەو بوو کە بە پیلانەکانی ئیستعمارگەرانە و داگیرکەرانەی ئەوان بووە هۆی سەرهەڵدان و درێژەی ئەم شەڕە لە ڤیتنام .

لەم دەورەیە کە ئێمە تێدا ژیان دەکەین و بە سەرهەڵدانی شەڕەکانی ناوچەیی ئیمپریالیستی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پاسیفیستەکانی سادیق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و زۆرتر لە پێش دا شان بە شانی لایەنگرانی چالاکی ئاشتی لە گەڵ کۆمۆنیستەکان کردەوەی هاوبەشیان هەیە و بە شێوەیکی یەکگرتوو کردەوەکانیان ڕێک دەخەن . پێویستی خەباتێکی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیزم سەرنج ڕاکیشانی هەر چی زۆرتر و چالاکتری ئەم هێزە پێویست دەکات .

ئەمە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە تاکو لە هەل و مەرجێکی ناسک وەک هەل و مەرجی ئێستادا بە وردی شەڕ و ئاشتی بۆ خەڵک شی بکەنەوە و ئامانجەکانی هەر شەڕێک بۆ ئەوان ڕوون بکەنەوە . دەبێ خەڵک بزانن کە شەڕ خۆ بە خۆ درێژەی سیاسەتە بەڵام لە شێوازێکی دیکە . سیاسەتی دژی خەڵکی و چەوسێنەرانە بە شێوەیکی حەتمی شەڕی دژی خەڵکی و داگیرکەرانەی بە دواوەیە .شەڕ دژی خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی درێژەی سیاسەتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و لە خزمەت قازانج و بەرژەوەندی چەوسینەرانە و داگیرکەرانەی دەسەڵاتدارانی حاکیم بووە و نیشاندەری شەڕێکی ناعادلانەیە دژی خەڵکی کوردستان و دژی قازانج و بەرژەوەندی گشتی خەڵکە . دیفاع و بەرگری خەڵکی کوردستانیش نیشاندەری شەڕێکی عادلانەی خەڵکیە کە دژی سەرکوت و داگیرکەری و شەڕی ناعادلانەی ستەم کاران دژی خەڵکی کوردستان لە ئارادایە .

شەڕە ناوچەیەکانی ئەم دوائیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش لە نێوان ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە گەڵ ڕێژیمەکانی بەکرێگیراوی سەرمایەی جیهانی لەم ناوچەیە بە تەواوەتی لە خزمەتی قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و چینی چەوسێنەری ئەم وڵاتانە دایە و دژی قازانج و بەرژەوەندی گشتی خەڵکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تەواوەتی شەڕێکی ناعادلانە و نا ڕەوایە دژی خەڵک کە بە ناوی شەڕی دیمۆکراسی و دژی تیروریزم لە لایەن وڵاتانی ئیمپریالیستی و هاوکاری بێ دریغی ڕێژیمەکانی ڕاسپێردراوی حاکیم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئارادایە .

**لە مێژە تاقمەکانی ڕەشی دەستەڵاتدار و بەشێك لە ڕووناكبیرانی وردە بۆرژوا هەستیان بەم پێویستیە كردووە. لە سەر ئەساسی سەركوتی توووند و قەدەغە كردنی چالاكی كۆمۆنیستی و كرێكارانی پێشڕەو، زیدە لە ڕێكخراوەكانێك وەك خانووی كرێكار، ئەنجوومەن و شووراكانی ئیسلامی كار، لەم ساڵانەی دواییدا ئەحزابی بەناو بانگتر وەك ((حێزبی ئیسلامی كرێكارانی ئیران)) وهتد كە لە ڕاستیدا لە لایەن كەسانی سەر بە تاقمی ڕەش پێك هاتوون، تاكو سەرەڕای بەرگری كردن لە ویستی چینی كرێكار بۆ پێك هێنانی حێزب و ڕێكخراوی سەربەخۆ و ئیزولە كردنی تێكۆشانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لەم زەمینەدا، بەرپەرچی خەباتی ئەوان بدەن و وەك لەشكری ڕەش بینە خزمەتكاری شەڕی نێوان باڵەكانی ناوخۆیی حكومەت.**

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League
کومیتەی کوردستان
Committee of Kurdistan



گرامی باد 19 بهمن
سالگرد رستاخیز کبیر
سیاهکل سرآغاز
جنبش نوین
کمونیستی ایران و
بنیانگذاری سازمان
چریکهای فدایی خلق
ایران !
کمیته کردستان
سازمان اتحاد فدائیان
کمونیست

شکۆدار بێت 19 ڕێبەندان ساڵیادی
ڕەستاخیزی مەزنی سیاکەڵ و
دەسپێکردنی بزووتنەوەی نوێی
کۆمۆنیستی ئێران , دامەزراندنی
ڕێکخراوی
چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران !
کومیتەی کوردستان
ڕێکخراوی یەکیتی فیدائیان
کۆمۆنیست

**بـرووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی , دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی!**